# رەوشی خانەنشینیی و خانەنشینان لە هەرێمی کوردستاندا

# پێڕست

1–چوارچێوەی یاسایی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا.

2– ژمارەی خانەنشینان و دابەشبوونیان بەسەر بوارەکانی خانەنشینی دا.

3– نادادپەروەری لە مووچەی خانەنشیناندا.

4– دەستگرتن بەسەر داهاتی سندووقەکانی خانەنشینیدا.

5– خانەنشینی سیاسی یان گەندەڵی لە دۆسیەی خانەنشیناندا

6– ئەنجام و راسپاردەکان

## چوارچێوەی یاسایی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا

لەهەرێمی کوردستاندا چەندین یاسای تایبەت بە خانەنیشنی هەیە، لەناویاندا یاسای خانەنشینی مەدەنی و خانەنشینی سەربازی، یاسای خانەنشینی کرێکاران، رۆژنامەنووسان، پارێزەران و هەروەك ئەو یاسایانەی کە مافی خانەنشین بوون بە گرووپ و توێژە جیاجیاکانی دیکە دەدەن.

**یاساکانی پێوەست بە خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا:**

1- یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق ژمارە 27ی ساڵی 2006.

2- یاسای خانەنیشنی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (12)ی ساڵی 1999.

3- یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان(پەرلەمانی کوردستان)، ژمارە (13)ی ساڵی 1999 و هەموارەکانی.

4- یاسای سندووقی خانەنیشنی پارێزەرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (18)ی ساڵی 1999 و هەموارەکانی.

5- یاسای خانەنیشنی کەمئەندامبووانی پێشمەرگە، یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2000.

6- یاسای سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (13)ی ساڵی 2001.

7- یاسای خانەنیشنی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (36)ی ساڵی 2004.

8- یاسای خانەنیشنی کەمئەندامانی پێشمەرگە(زێرەڤانی کوردستان)، ژمارە (34)ی ساڵی 2007.

9- یاسای هەموارکردنەوەی یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە (24)ی ساڵی 1960ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستاندا. یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2007.

10- یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە، ژمارە (38)ی ساڵی 2007.

11- یاسای مووچە و دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی، یاسای ژمارە (13)ی ساڵی 2010.

12- یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستان، ژمارە (11)ی ساڵی 2011 و هەموارەکانی.

13- یاسای جێبەجێ کردنی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق، ژمارە 15ی ساڵی 2011.

14- یاسای هەموارکردنەوەی یاسای پیادەکردنی یاسای خانەنیشنی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971ی هەموارکراو لە کوردستان، بە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2012.

یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق ژمارە 27ی ساڵی 2006 کە لە پەرلەمانی عێراق پەسند کراوە و پاڵپشت بە برگەی چوارەم لە مادەی یەکەمدا، فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی دەگرێتەوە، هیچ یاسایەکی بەرکارکردنەوەی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرنەکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی نایاسایی بەسەر فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت. وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (18228/14/9) لە رێککەوتی 27ی ئابی 2008 رێنماییەکی بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەو یاسایە دەرکردووە، ئەوەش پاڵپشت بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران بە (6943) لە رێککەوتی 24ی حوزەیرانی 2008 کە تیایدا دووپات لەوە کراوەتەوە رێنماییەکە تایبەتە بە فەرمانبەرانی پلە یەك بەرەو خوارەوە.

ئەوە لەکاتێکدا کە ئەو یاسایە لە ساڵی 2007دا جارێکی تر لە پەرلەمانی عێراق هەموار کراوەتەوە و لە ساڵی 2014شدا بە دەرکردنی یاسایەکی نوێی خانەنشینی یەکگرتوو لە عێراق کۆتایی هاتووە، بەڵام

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە کار پێکردنی، وێڕای ئەوەی یاساکە لە عێراقدا بوونی نەماوە و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانیشەوە یاسای بەرکارکردنی بۆ دەرنەکراوە.

لە دەرەوەی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق ژمارە 27ی ساڵی 2006، کە بەبێ یاسای بەرکارکردنەوە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێ دەکرێت، بەشێك لە یاساکانی دیکەی پێوەست بە خانەنشین کردنی چین و گرووپە جیاجیاکان لە هەرێمی کوردستاندا، هەمان یاساکانی خانەنیشنی عێراقین و بە یاسایەکی تایبەت لە پەرلەمانی کوردستان بەرکار کراونەتەوە و چەند مادە و بڕگەیەکیان تێدا هەموار کراوەتەوە. یاساکانی تر پاش پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان وەك یاسای تایبەت بەناوخۆی هەرێمی کوردستان پەسند کراون.

جێگەی سەرسوڕمانە کە یەکەم یاسای پێوەست بە خانەنشینی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کراوە، یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران و بەدوای ئەویشدا یاسای خانەنشینکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانە لە ساڵی 1999دا.

لەپاڵ ئەو یاسایانەی لە ماوەی ساڵانی 1999–2012دا پێوەست بە خانەنشینی چین و گرووپە جیاجیاکان یان کەرتی تایبەت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کراون، لەماوەی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا چەندان پرۆژە یاسای تایبەت بە هەموارکردنەوەی یاساکانی پێشتر لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراون، بەڵام هیچ کام لەو پرۆژەیاسایانە پەسند نەکراون، لەناویاندا:

1- پرۆژە یاسای پێداچوونەوە و رێکخستنەوەی خانەنشینی مەدەنی و سەربازی. لە 11ی ئایاری 2015 لەلایەن 18 ئەندامی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.
2- پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ. لە 12ی حوزەیرانی 2014دا، لەلایەن 22 ئەندامی پەرلەمان، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

3–پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ. لە 14ی کانوونی یەکەمی 2014دا، لەلایەن 13 ئەندامی پەرلەمانەوە، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

4–پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سندووقی خانەنشینی رۆژنامەوانانی کوردستان. لە 8ی ئایاری 2014دا لەلایەن 10 ئەندامی پەرلەمانەوە، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

5–پرۆژە یاسای سندووقی مووچە و خانەنشینی حکوومی لە هەرێمی کوردستان. لە 20ی ئایاری 2014دا لەلایەن 21ی ئەندامی پەرلەمان، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

6–پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی مووچە. لە 19ی ئەیلوولی 2014دا لەلایەن 10 ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

7–پرۆژە بڕیاری ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان. لە 20ی تشرینی دووەمی 2014دا لەلایەن 46 ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

8–پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی سێیەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان. لە 22ی ئایاری 2014دا لەلایەن 15 ئەندامی پەرلەمانەوە، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

9–پرۆژە یاسای هەمواری یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە/زێرەڤانی هەرێمی کوردستان. لە 1ی حوزەیرانی 2014دا، لەلایەن 25 ئەندامی پەرلەمانەوە، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

10–پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای خانەنشینانی یەکگرتووی عێراقی ساڵی 2014 لە هەرێمی کوردستاندا. لە 11ی ئایاری 2014دا، لەلایەن 12 ئەندامی پەرلەمانەوە، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

11–پرۆژە یاسای هەمواری مووچەکان لە هەرێمی کوردستان. لە 27ی کانوونی دووەمی 2015دا، لەلایەن 26 ئەندامی پەرلەمانەوە، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی کراوە.

وەك دەردەكەوێت لە كۆی ئەو 11 پرۆژەیاسایەی كە لە كانوونی دووەمی 2014 تا ئایاری 2015 لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە، پێشكەش بە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كراون، (9) لە پرۆژە یاساكان لە ساڵی 2014دا و لەماوەی ساڵی یەكەمی دەست بەكاربوونی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان پێشكەش كراون، لەكاتێكدا دوو پرۆژەكەی تر لە ساڵی 2015دا پێشكەش كراون.

پێنج لە پرۆژە یاساكان، پرۆژە یاسای نوێن كە پێشتر لە هەرێمی كوردستاندا دەرنەكراون، لەكاتێكدا پێنج پرۆژە یاسای تر، پرۆژە هەمواری یاساكانی پێشووی خانەنشینین لە هەرێمی كوردستاندا، لەپاڵ پرۆژەیاسایەكی تایبەت بە بەركاركردنەوەی یاسای خانەنشینانی یەكگرتووی عێراق لە هەرێمی كوردستاندا، كە ساڵی 2014 لە پەرلەمانی عێراق پەسەند كراوە.

تێبینی دەكرێت كە هەر 11 پرۆژەكەی پێوەست بە خانەنشینی، لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانی كوردستانەوە پێشكەش كراون و هیچ كام لە پرۆژەكان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشكەش بە پەرلەمان نەكراون، ئەوەش نیشانی دەدات كە دەسەڵاتی جێبەجێ كردن پرۆژەیەكی كردەنی بۆ هەمواركردنەوە یان دەركردنی یاسای نوێی پێوەست بە خانەنشینی لە هەرێمی كوردستاندا نەبووە، لەكاتێكدا رەوتی پەسەندكردنی پرۆژە یاساكان لە پەرلەمانی كوردستان بەردەوام ئەولەیەت بەو پرۆژە یاسایانە دەدات كە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشكەش دەكرێن، بەتایبەت ئەو پرۆژە یاسایانەی پەیوەندییان بە لایەنی دارایی و ئابوورییەوە هەیە.

بە خوێندنەوە بۆ ناوەڕۆكی كۆی پرۆژە یاساكانی لەو ماوەیەدا ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كراون، ئەوە دەردەكەوێت كە ویستێكی تەواو بۆ نزیك كردنەوەی ئاستی مووچەی خانەنشینی لە نێوان پلە و گرووپەكانی خانەنشیناندا هەیە. كەواتە داڕێژەرانی پرۆژە یاساكان لەسەر ئەو ئاراستەیە كاریان كردووە كە پێویست دەكات جیاوازییەكانی مووچەی خانەنشینی لە نێوان پلە تایبەتەكان و پلە گشتیی یان ئاساییەكاندا كەمتر بكرێنەوە، بۆ چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش،

بەگشتی پشت بە بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنشینی بەشێك لە گرووپەکانی خانەنشینی لە بەرامبەر کەم کردنەوەی مووچەی خانەنشینی بەشێکی دیکەیان بەستراوە کە بە پلە باڵاکان ناودەبرێن.

هاوکات وەك دەردەکەوێت نزیکەی نیوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی لەو ماوەیەدا پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون، راستەوخۆ پێوەستن بە خانەنشینی پێشمەرگە و سەربازییەوە، ئەوەش لە روانگەی هەست کردن بە هەبوونی کۆمەڵێك کێشە و ناڕێکخراوەیی لە بواری ئەو گرووپانەی خانەنشینیدا.

هۆکارەکانی داڕشتنی کۆی ئەو پرۆژە یاسایانە وەك لە کۆتایی پرۆژەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، لەلایەك دەگەڕێتەوە بۆ ناعەدالەتی لە ئاستی مووچەی خانەنشیناندا کە بەو هۆیەوە جیاوازییەکانی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا قوڵتر کردووەتەوە، لەلایەکی تر بۆ هەبوونی خانەنشینی نایاسایی لە ریزی خانەنشیناندا دەگەڕێتەوە.

ژمارەیەك لەو پرۆژە یاسایانەی پێوەست بە رێکخستن یان هەموارکردنەوەی خانەنشینی لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، بەڵام بەمەبەستی پەسەند کردن نەخراونەتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە.

پرۆژەکان بەگشتی لە روانگەی نزیك کردنەوەی مووچەی خانەنشینی لە نێوان پلە ئاساییەکاندا و پلە تایبەتەکان گەڵاڵە کراون یان بە ئاراستەی رێکخستنی بوارێکی خانەنشینی و لە پێناو جیاکردنەوەی ئەو ناوانەی کە بە نایاسایی و لە دەرەوەی رێنماییەکان خانەنشین کراون، ئەو ئاراستەیە زیاتر لە پرۆژە یاساکانی پێوەست بە خانەنشینی پێشمەرگە و سەربازی دەردەکەوێت.

## ژمارە و بوارەکانی خانەنشینی لە کوردستاندا

خانەنشینان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ چەند گرووپێکی جیاجیا دابەش دەبن، بەشێوەیەکی بنچینەیی دەکرێت بە گرووپەکانی مەدەنی، سەربازی و کەرتی تایبەت دابنرێن، بەڵام هەبوونی چەند یاسایەکی تایبەت بە خانەنشینی، کە تیایدا پیشە تایبەتەکانی لە هەریەك لە بوارە بنچینەییەکاندا جیا کردووەتەوە، وایکردووە گرووپەکانی خانەنشینی جیاواز بن. لە خوارەوە هەوڵ دەدەین هەڵوەستە لەسەر گرووپەکانی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا بکەین.

### یەکەم: خانەنشینی مەدەنی و سەربازی:

هەموو ئەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت دەگرێتەوە کە لە بواری مەدەنی و سەربازی خزمەت دەکەن. ئەوەش پاڵپشت بە یاسای ژمارە (27)ی ساڵی 2006ی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق و رێنمایی ژمارە (37)ی ساڵی 2008ی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە دووپات لە جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەو یاسایە دەکاتەوە، پاش دەرکردنی بڕیارێك لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لەو رووەوە.

تەمەنی خانەنشین کردن لەو گرووپەی فەرمانبەراندا بە 63 ساڵ دەستنیشان کراوە، سەرەڕای حاڵەتە تایبەتەکانی وەك نەخۆشکەوتن یان پەککەوتنێك کە بە راپۆرتی پزیشکی بسەلمێنرێت ئەو فەرمانبەرە چیتر توانای جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی لەدەست داوە یان ئەوەی ئەگەر خۆی داوای خانەنشین کردن بکات، بەڵام بەو مەرجەی کە تەمەنی لە 50 ساڵ کەمتر نەبێت و 25 ساڵ خزمەتیشی هەبێت. هاوکات بەشێوەیەکی ئاسایی ئەگەر فەرمانبەری خانەنشینکراو کۆچی دوایی بکات، ئەوە راستەوخۆ مووچەی خانەنشینییەکەی بۆ خێزانەکەی وەك وەرەسە دەگەڕێتەوە.

خانەنشینی مەدەنی و سەربازی، پاڵپشت بەو یاسایە بە ڕێژەی 80٪ی مووچەکەی بە خستنە سەری کۆی دەرماڵەکانی خانەنشین دەکرێت و دوایین مووچە و دەرماڵەی، کۆتا مانگی پێش تەواوبوونی خزمەتەکەی یان پێش خانەنشین کردنی بە بنەما وەردەگیرێت بۆ دەستنیشان کردنی ڕێژەی 80٪ی مووچەی خانەنشینییەکەی.

خانەنشینی مەدەنی و سەربازی بەشێوەیەکی ئاسایی زۆرترین ژمارەی خانەنشینان لە هەرێمی کوردستان پێك دەهێنن، ئەوە لە پاڵ خانەنشینانی کەرتی تایبەت و خانەنشینانی بوارە جیاجیاکانی وەك پلە تایبەتەکان یان پارێزەران و ڕۆژنامەوانان کە هەریەك لەوان بە یاسایەکی تایبەت ڕێك خراون.

بەهۆی نەبوونی یەك بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا، ژمارەی تەواوەتی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بەپێی جۆر و بوارەکانی خانەنشینی روون نییە، بەڵام بەپێی داتای وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە پاڵپشت بە سستەمێکی ئەلیکترۆنی و بۆ تۆمارکردنی ناوی سەرجەم خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی لە هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە، تا سەرەتای تەموزی ساڵی 2017، ژمارەی گشتی خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی لە هەرێمی کوردستاندا 221 هەزار و 150 کەسی تێپەڕ کردووە. مووچەی مانگانەی هەموو ئەو خانەنشینانە بە 111 ملیار دینار دیاریکراوە کە ڕێژەی (16.5٪) لە کۆی گشتی بودجەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

ئەو داتایەی وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەکاتێکدایە کە بە پێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی بە ژمارە (184/1/1) لە 2ی کانوونی یەکەمی 2014دا ئامادە کراوە و وێنەیەکی پێشکەش بە لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان کراوە، تێیدا روون کراوەتەوە، ژمارەی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان، بەبێ خانەنشینی پێشمەرگە 210 هەزار خانەنشینە، لەکاتێکدا 92 هەزار پێشمەرگەی خانەنشین هەیە، بەو پێیە ژمارەی خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی دەگاتە 302 هەزار کەس.

ئەوە لەکاتێکدا کە بەگوێرەی ئەو داتایانەی داڕێژەرانی (پرۆژە یاسای ڕێکخستنی مووچە و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان) لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی و ئابووریی و لایەنە پێوەندیدارەکانی تر لە حکوومەتی

هەرێم دەستیان کەوتووە، ژمارەی گشتی خانەنشینان بە مەدەنی و سەربازی و بوارەکانی تر، خۆی لە 450 هەزار خانەنشین داوە لەوەتەی ساڵی 2014ەوە کە کاتی گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاسایەکەیە.

**دووەم: خانەنشینی کرێکارانی کەرتی تایبەت:**

هەموو ئەو کرێکارانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ کەرتی تایبەت کار و خزمەت پێشکەش دەکەن.

کرێکارانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا، پاڵپشت بە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2012 یاسای پیادەکردنی یاسای خانەشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971ی هەموارکراوی عێراق، خانەنشین دەکرێن.

لە هەموار کردنەوەی یاسای ژمارە 39ی ساڵی 1971 لە هەرێمی کوردستاندا، چەند مادە و بڕگەیەکی گرنگ لە بەرژەوەندی کرێکاراندا زیاد کران، پاڵپش بەو یاسا هەموار کراوە، ئەو کرێکارانەش کە خاوەنکارێکی دیاریکراویان نییە، لە حاڵەتی بەشداریکردنیان لە سندووقی دەستەبەری و خانەنشیندا، مافی خانەنشین کردنیان هەیە، بەڵام لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران پێویست کراوە کە چۆنیەتی تۆمارکردنی ئەو کرێکارانە و وەرگرتنی ئابوونەکانیان، بە پەیڕەوێکی تایبەت رێك بخات کە پاش پێنج ساڵ لە پەسەندکردنی ئەو یاسایە، هێشتا ئەنجوومەنی وەزیران ئەو پەیڕەوەی دەرنەکردووە.

کرێکارانی کەرتی تایبەت کە بەشداریان لە سندووقی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا کردووە، دەبێت مانگانە 17٪ی مووچەکانیان بۆ سندووقی خانەنشینی گل بدرێتەوە، لەو رێژەیەدا 5٪ لە مووچەی کرێکارەکە دەبڕدرێت و 12٪ش لە خاوەنکار وەردەگیرێت و بۆ سندووقی خانەنشینی دەگوازرێتەوە.

کرێکاری کەرتی تایبەت لە حاڵەتی پێکان یان تووشبوون بە نەخۆشییەك کە بسەلمێنرێت توانای کارکردنەکەی لە دەست داوە، بڕیار لەسەر خانەنشین کردنی دەدرێت، ئەوە ئەگەر بە تەمەنی دیاریکراو

بۆ خانەنشین کردن نەگەیشت بێت، لەهەمان کاتدا ئەگەر کرێکاری دەستەبەرکراو کۆچی دوایی کرد، راستەوخۆ مووچەی خانەنشینییەکەی بۆ خێزانەکەی دەگەڕێتەوە.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی چەند لیژنەیەکی پشکنەرەوە، ناوی کرێکارانی کەرتی تایبەت لە سندووقی خانەنشینی و دەستەبەریدا تۆمار دەکات، بەگوێرەی داتا فەرمییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەو وەزارەتەدا، تا مانگی تەموزی 2017 نزیکەی 80 هەزار کرێکاری کەرتی تایبەت لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا دەستەبەر کراون و بەشدارییان لە سندووقی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاراندا کردووە. هاوکات کەمتر لە 800 کرێکاری کەرتی تایبەت لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا خانەنشین کراون و مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.

پاساوی بەرپرسانی وەزارەتی کار بۆ زۆری ژمارەی بەشداربووانی سندووقەکە و سنوورداری ژمارەی ئەو کرێکارانەی مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، ئەوەیە کە پرۆسەی بەشداریکردن لە سندووقی خانەنشینی کرێکاران لە هەرێمی کوردستاندا لەو چەند ساڵەی رابردوودا بەتەواوەتی دەست بە جێبەجێ کردنی کراوە، بەو مانایەی کە پێشتر تەنیا ژمارەیەکی سنووردار لە کرێکاران بەشدارییان لە سندووقەکەدا کردووە، ئەوەش وایکردووە ژمارەیەکی کەم لە کرێکاران خانەنشین بکرێن.

**سێیەم: خانەنشینی پێشمەرگە:**

کارمەندانی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، جیا لە یاسای خانەنشینی مەدەنی و سەربازی، بە یاسایەکی تایبەت خانەنشین دەکرێن کە یاسای ژمارە (38)ی ساڵی 2007ی یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێمی کوردستان)ە.

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1992دا، یاسای ژمارە (9)ی تایبەت بە رێزلێنانی پێشمەرگەی دەرکردووە، بەگوێرەی مادەی دووەمی ئەو یاسایە، هەموو ئەو ماوەیەی کە پێشمەرگەیەك لە شۆڕشدا

بەسەری بردووە، بۆی بە خزمەت و خانەنشینی فعلی دادەنێت، ئەوەش بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ماوەیەی کە لە خەباتدا لە تەمەنی رۆیشتووە، بەڵام ئەو یاسایە بە یاسای ژمارە (33)ی ساڵی 2007 یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێمی کوردستان)، هەڵوەشێنراوەتەوە. لە یاسای ژمارە (33)دا هەموو ئەو ماوەیەی کە پێشمەرگەیەك لە شۆڕشدا بەسەری بردووە، بەخزمەتێکی کردەنی بۆ پلە بەرزکردنەوە و خانەنشینی دادەنرێت.

ئەو یاسایە، پانتاییەکی بەرفرەوانتر مسۆگەر دەکات بۆ سوودمەندبوونی زۆرترین کەس کە وەك پێشمەرگەیەك بەشدارییان لە شۆڕشەکانی کۆن و نوێی گەلی کوردستاندا کردووە، مەبەست لەوەش بەشداریکردنە لە شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان کە لە 11ی حوزەیرانی 1961ەوە دیاری کراوە، هەروەها حوکمەکانی یاسایەکە، هەموو پێشمەرگانە دەگرێتەوە کە لە کۆڕەوەکەی بارزانی لە نێوان ساڵانی 1945 تا 1958 بەشداربوون، هەروەها هەموو ئەو پێشمەرگانەش دەگرێتەوە کە تا 5ی ئازاری 1991 چوونەتە پاڵ بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان.

هەرچی پەیوەندی بە یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگەوە هەبێت، دەروازەیەکی تایبەت بە خانەنشین کردنی پێشمەرگە لەخۆدەگرێت. پاڵپشت بە ناوەڕۆکی ئەو یاسایە، چەند مەرجێکی گرێدراو بە تەمەن و پلەی سەربازی وەك بنەمای خانەنشین کردنی پێشمەرگە دەستنیشان کراوە، بۆنمونە، پلەی فەریق و فەریقی یەکەم لە تەمەنی 63 ساڵیدا خانەنشین دەکرێت، لیوا لە تەمەنی 60 ساڵیدا، عەمید 58 ساڵ، عەقید 55 ساڵ، موقەدەم 55 ساڵ و تا دەگات بە پێشمەرگەیەك لە پلەی سەربازدا کە لە تەمەنی 45 ساڵیدا خانەنشین دەکرێت.

هاوکات ئەگەر پێشمەرگەیەك لە ماوەی کەمتر لەو ساڵانەی وەك مەرجی تەمەن دیاریکراوە تووشی نەخۆشییەك بێت کە رێگە لە بەردەوام بوونی لە ئەرکەکەی بگرێت و بە راپۆرتی پزیشکی پشتڕاست بکرێتەوە، مافی خانەنشین کردنی پێ دەدرێت، ئەوە جگەلەوەی کە دەسەڵات بە سەرکردایەتی گشتی زێرەڤانی هەرێم دراوە لە هەندێك حاڵەتی تایبەتدا وەك زیادبوونی میلاکات یان بێ توانایی لە خزمەتکردندا و یان پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی پێشمەرگە، ئەوە پێشمەرگە خانەنشین بکات. هەروەها پێشمەرگە

مافی ئەوەی هەیە هەر خۆی داوای خانەنشینی بکات، بە مەرجێك کە خزمەتەکەی لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت.

پێشمەرگەی خانەنشینکراو ئەگەر کۆچی دوایی بکات، بەشێوەیەکی ئاسایی مووچەی خانەنشینییەکەی بۆ میراتگرەکانی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە حاڵەتی شەهیدبووندا، مووچەی شەهیدانەکەی بۆ سەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان دەگوازرێتەوە و بە میراتگرەکانی دەدرێت.

بە جیاواز لەو یاسایانە، ساڵی 2000 لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە خانەنشین کردنی کەمئەندامانی پێشمەرگە بە ژمارە (7) دەرکراوە و لە ساڵی 2007یشدا ئەو یاسایە بە یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێمی کوردستان) ژمارە (34) هەڵوەشێنراوەتەوە.

پاڵپشت بەو یاسایە، ئەگەر پێشمەرگەیەك لەکاتی خزمەتکردندا تووشی کەمئەندامییەکی هەمیشەیی ببێت، ئەوە خانەنشین دەکرێت، چ ئەوەی کە ڕێژەی کەمئەندامییەکەی (50٪) تێپەڕ بکات یان ئەوەی یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی (فرمانی یان ئۆرگانی) لە دەست بدات.

پێشمەرگەی کەمئەندام مووچەیەکی خانەنشینی بۆ خەرج دەکرێت کە ئەوەندەی دوا مووچە و دەرماڵەکەی بێت کە لە کاتی خزمەتدا وەریگرتووە، ئەوە جگەلەوەی دەرماڵەیەکی کەمئەندامی بەپێی پلەی کەمئەندامییەکەی بۆ خەرج دەکرێت. لەو یاسایەدا چەند ئیمتیازێکی تر بەو پێشمەرگانە دراوە کە لەکاتی جەنگدا کەمئەندام دەبن، بۆنمونە، ئەگەر لەکاتی شەڕدا بەرێژەی (50٪) تووشی کەمئەندامی ببێت، ئەوە پایەیەکی بەرزتری پێدەدرێت و مووچەی خانەنشینییەکەی لەسەر ئەو پایە نوێیە حیساب دەکرێت، بەڵام ئەگەر بە ڕێژەی (100) تووشی کەمئەندامی ببێت، ئەوە دوو پایەی بەرزتری پێ دەدرێت کە هەمدیسان لە دیاریکردنی مووچەی خانەنشینییەکەی ڕەچاو دەکرێت، ئەوە جگە لە خەڵاتی ڕێزلێنانەکەی.

بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی لە دیوانی چاودێری هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە، تا ساڵی 2014 لە هەرێمی کوردستاندا 92 هەزار پێشمەرگەی خانەنشین هەبووە، بەو حاڵەشەوە خانەنشینی پێشمەرگە

یەکێك لە بوارەکانی خانەنشینییە کە زۆرترین کێشە و ناڕوونی لەخۆدەگرێت، ئەوەش بە چەند هۆکارێکەوە، لەناویاندا:

یەکەم: یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق ژمارە 27ی ساڵی 2006 کە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت، فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی دەگرێتەوە، روون نییە ئایا چەند پێشمەرگە پاڵپشت بەو یاسایە خانەنشین کراون و چەند پێشمەرگەی تر پاڵپشت بە یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە خانەنشین کراون.

دووەم: خانەنشین کردنی پێشمەرگە لە حەوت ناوەندی جیاجیادا دەکرێت کە پەیوەندییەکی تۆکمە و رێکخراویان بەیەکەوە نییە. ئەو ناوەندانە لە هەریەك لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگە لە وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی کاروباری شەهیدان، دەزگەی ئەیلوول/پارتی، خانەنشینی لە یەکەی 80ی سەر بە پارتی، خانەنشینی لە یەکەی 70ی سەر بە یەکێتی، بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی هەولێر) پێك دێن.

هەبوونی چەند یاسایەکی جیاواز بۆ خانەنشین کردن و هاوکات نەبوونی یەك بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە خانەنشین کردنی کارمەندانی هێزەکانی پێشمەرگە، بارودۆخێکی رەخساندووە کە وەزارەتی پێشمەرگە داتایەکی روون و ئاشکرای لەبارەی ژمارەی پێشمەرگەی خانەنشین کراوەوە بەردەست نەبێت. ئەوە لەکاتێکدا کە تا ئێستا دوو لیستی جیاوازی ناوی پێشمەرگە دێرینەکان هەیە کە خانەنشین کراون، یەکێکیان لیستی ناوی ئەو پێشمەرگە دێرینانەیە کە لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان/یەکێتی خانەنشین کراون و لیستەکەی تر بۆ دەزگەی ئەیلوول/پارتی دەگەڕێتەوە.

سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان/یەکێتی لە چەند دیدارێکی رۆژنامەوانیدا دووپاتی لەوە کردووەتەوە، لیستی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، پێشمەرگەکانی یەکێتی، گۆڕان، شیوعی، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی دەگرێتەوە و بەکۆی گشتی 36 هەزار پێشمەرگە لەخۆدەگرێت، لەهەمان کاتدا 36 هەزار پێشمەرگەی تر لەلای پارتی وەك پێشمەرگەی

دێرین ناویان تۆمار کراوە و مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، بەپێی ئەو ژمارانەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان 72 هەزار پێشمەرگەی دێرین مووچەی خانەنشینی بۆ بڕاوەتەوە.

بەگوێرەی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگە دێرینەکان/یەکێتی بە ژمارە (4612)ی ڕێککەوتی 4ی ئابی 2013، تا ئەو ڕێککەوتە لیستی خانەنشینی پێشمەرگە دێرینەکان لە 30 هەزار و 388 ناو پێکهاتووە، بەو پێیە ئەو چەند هەزار ناوەی تر لە ماوەی نێوان 2013–2016 زیاد کراون.

بەپێی ئەو ژمارانەی کە جێگری بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینی پێشمەرگە لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ئەیلوولی 2016دا ئاشکرای کردوون، تەنیا لە ماوەی ساڵانی 2013–2016 زیاتر لە حەوت هەزار کەس لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە خانەنشین کراون، لەکاتێکدا 80٪ی خانەنشینانی پێشمەرگە، پێشمەرگەی دوای ڕاپەڕینن و بەشێك لەو خانەنشین کراوانە تەنیا ڕۆژێکیش پێشمەرگایەتییان نەکردووە.

لە تەمووز و ئابی 2016دا، کۆمەڵێك لە پێشمەرگە دێرینەکان لە شارەکانی کوردستاندا خۆپیشاندانیان ساز کرد و یاداشتنامەیەکیان لە ڕێگەی میدیاکانەوە خستەڕوو، لەو یاداشتنامانەدا پێداگیری لەسەر ئەوە کراوە کە مووچەی پێشمەرگە دێرینەکان بۆ سەر وەزارەتی پێشمەرگە بگوازرێتەوە و هەروەك چاکسازی لە لیستی ناوی پێشمەرگە دێرینەکاندا بکرێت بەمەبەستی جیاکردنەوەی پێشمەرگەی ڕاستەقینە لەوانەی بە ناشایستە وەك پێشمەرگەی دێرین ناونووس کراون و پێشمەرگەی دێرین نەبوون.

یەك خستنی لیستی پێشمەرگە دێرینەکان کە مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، یەکێك لە خاڵەکانی پرۆژەی ڕێکخستنەوەی پەیکەری وەزارەتی پێشمەرگە پێك دێنێت کە لە کۆبوونەوەی 14ی ئایاری 2017ی ئەنجوومەنی وەزیراندا، پەسەند کراوە.

ئاماژەکان ئەوە نیشان دەدەن کە زۆرترین ژمارەی پێشمەرگەی خانەنشین کراو، لە دەرەوەی یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە ژمارە 38ی ساڵی 2007 خانەنشین کراون، هەروەك لە بەدواداچوونی ئەندامانی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان دەرکەوتووە، لە ماوەی ساڵی 2007 تا 2015، تەنیا 432 پێشمەرگە پاڵپشت بەو یاسایە خانەنشین کراون. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە

زۆرترینی پێشمەرگە خانەنشین کراوەکان، یان وەك پێشمەرگەی دێرین خانەنشین کراون یان بەپێی یاسای ژمارە 27ی ساڵی 2006 یاسای خانەنشینی یەکگرتوو لە عێراق خانەنشین کراون کە فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی دەگرێتەوە.

**چوارەم: خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:**

پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (15)ی ساڵی 2011، یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق ژمارە (18)ی ساڵی 2011ی لە هەرێمی کوردستاندا بەرکار کردووەتەوە.

پاڵپشت بە دەقی یاسایەکە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، پۆلیسی ناوخۆ، پۆلیسی سنوور، بەرگری شارستانی، هاتووچۆ، پۆلیسی فیدراڵی، پۆلیسی پاسەوانی و هەموو یەکەکانی پێوەست دەگرێتەوە.

کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە تەمەنی 63 ساڵیدا خانەنشین دەکرێن، بەڵام لە هەندێك بارودۆخی تایبەتدا وەك زیادبوونی میلاکات، نەبوونی لێهاتوویی پێویست، ناپابەندێتی بە رێکارەکان، هەرەك ئەگەر کارمەندە خۆی داوای خانەنشینی بکات بە مەرجێك خزمەتەکەی لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت یان لە حاڵەتێکدا کە نووشی نەخۆشییەك دەبێت و بە راپۆرتی پزیشکی دەسەلمێنرێت کە توانای خزمەتکردنی لەدەست داوە، خانەنشین دەکرێت.

بە دەرکردنی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق لە ساڵی 2011دا، یاسای راژە و خانەنشینی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (1)ی ساڵی 1978 هەڵوەشێنراوەتەوە، هاوکات یاسا نوێیەکە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە هەموارکردنەوەی بۆ کراوە.

هەرچی پێوەندی بە بەرکار کردنەوەی ئەو یاسایەوە هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، چەند دەقێکی دیکەی تێدا زیاد یان هەموار کراوەتەوە، وەك هەموار کردنەوەی مادەی 57 لە یاسایەکەدا و ئەوەی تێدا

کراوە کە حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو کەسانەش لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەگرێتەوە کە پاش 23ی تشرینی یەکەمی 1991 شەهید کراون، ئەوەش بۆ مەبەستی خانەنشینییەکەی و پاداشتی شەهیدبوونی لەسەر بنەمای مووچەی پلەکەی، بە دوو پلە بەرزتر هەژمار دەکرێت.

مووچەی خانەنشینی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، حوکمەکانی یاسای ژمارە (27)ی ساڵی 2006ی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، ئەو یاسایەش پاڵپشت بە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق لە ساڵی 2014دا هەڵوەشێنراوەتەوە و ئەوەی دووەم جێی گرتووەتەوە، بەڵام گلدانەوەی خانەنشینی(ئەو پارەیەی بۆ خانەنشین کردنی لەماوەی خزمەتیدا لە کارمەند یان فەرمانبەر دەبڕدرێت)، بۆ ڕێنماییەکی وەزارەتی دارایی گێڕدراوەتەوە.

ئەو گرووپە بەرێژەی (80٪)ی دواین مووچەکانیان لەکاتی خزمەت کردندا، خانەنشین دەکرێن، بەڵام لەکاتی تووشیاربوونی بە نەخۆشییەك لەمیانەی خزمەتدا و ماوەی خزمەتەکەی لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت، ئەوە بە مووچەیەك خانەنشین دەکرێت کە دەکاتە بڕی (100٪)ی دوایین مووچەی لەکاتی خزمەت کردندا وەریگرتووە.

لە یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق کە لە هەرێمی کوردستاندا بەرکار کراوەتەوە، بەرزترین و نزمترین ئاستی مووچە دەستنیشان کراوە، کە بەرزترین مووچە بۆ پلەی فەریق دەگەڕێتەوە کە بە دەرماڵەی مەترسییەوە سەرووی سێ ملیۆن دینار دەبێت، بەڵام نزمترینی ئاستی مووچە بە دەرماڵەی مەترسییەوە 514 هەزار دینار دەبێت، ئەو جیاوازییانە لە مووچەی کارمەندان، لەکاتی خانەنشینیدا جیاوازییەکان لە مووچەی خانەنشینی دروست دەکات.

**پێنجەم: خانەنشینی پلە تایبەتەکان:**

مووچەی خانەنشینی پلە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە یاسایەکی تایبەت ڕێکخراوە کە یاسای ژمارە (36)ی ساڵی 2004، یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

پێش ئەو یاسایە، چەند یاسایەکی تر تایبەت بە خانەنشین کردنی پلە باڵاکان لە پەرلەمانی کوردستان دەرکراون، لەناویاندا یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران، یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 199 و یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (13)ی ساڵی 1999 و هەموارەکانی.

یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران، هەریەك لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، جێگرەکانی و وەزیرەکان دەگرێتەوە، هاوکات یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی ئاسایی سەرۆك، جێگر، سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان دەگرێتەوە.

بەگوێرەی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەندامانی ئەنجوومەن بە مووچەی (75٪)ی ئەو مووچە و دەرماڵەیە خانەنشین دەکرێن کە هاوەڵەکانیان لە ئەنجوومەنی وەزیران لەکاتی خزمەتدا پێیان دەدرێت، لەکاتێکدا بەپێی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەندام پەرلەمان بە مووچە و دەرماڵەی (80٪)ی مووچە و دەرماڵەی هاوەڵەکانیان لەکاتی خزمەتدا خانەنشین دەکرێن.

جێگەی ئاماژە پێدانە کە لە یاسای ژمارە (13)ی ساڵی 1999 تایبەت بە خانەنشین کردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، مووچەی خانەنشینیی ئەندامانی پەرلەمان (65٪)ی ئەو بڕە پارەیە بوو کە هاوکارە بەردەوامەکانیان لە پەرلەمان وەریاندەگرت، بەڵام لە یەکەم هەموارکردنەوەی یاسایەکەدا بە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2004، مووچەی خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ (75٪)ی مووچە و دەرماڵەی هاوکارەکانیان لە کاتی خزمەت لە پەرلەمان بەرز کرایەوە و لە دووەم هەموارکردنەوەی یاسایەکەدا بە یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 2008، مووچەی خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان بۆ (80٪)ی مووچە و دەرماڵەی هاوکارە بەردەوامەکانیان لە پەرلەمان بەرز کرایەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا لە ساڵی 2010 یاسای ژمارە (13)ی تایبەت بە رێکخستنی مووچە و دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی، دەرکرا. بەگوێرەی ئەو یاسایە، مووچەی سەرۆکی هەرێم 15 ملیۆن دینارە و جێگری سەرۆکی هەرێم 13 ملیۆن دینار دەبێت، لەکاتێکدا دەرماڵەیەك بە بڕی (50٪)ی

مووچەکانیان، دەخرێتە سەر مووچەی سەرۆك و جێگری سەرۆکی هەرێم و لەکاتی خانەنشین کردنیشدا بەرێژەی (80٪)ی مووچە و دەرماڵەکەیان خانەنشین دەکرێن.

لەپاڵ ئەو یاسایانەشدا، دادوەران لە هەرێمی کوردستاندا بە یاسای ژمارە 023)ی ساڵی 2007، یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا خانەنشین دەکرێت.

پاڵپشت بە ناوەڕۆکی ئەو یاسایە، دادوەر پاش تێپەڕکردنی تەمەنی 65 ساڵی خانەنشین دەکرێت. دادوەری خانەنشین کراو مووچەیەك وەردەگرێت کە هێندەی ئەو مووچە و دەرماڵەیە دەبێت کە لە کاتی خزمەتدا وەریگرتووە. مافی ئەوەش بە دادوەر دراوە کە بەهۆکاری تەندروستی یان لەسەر داواکاری خۆی، داوای خانەنشین کردن بکات و لەو حاڵەتەشدا مووچەی خانەنشینییەکەی، ئەوەندەی ئەو مووچە و دەرماڵەیە دەبێت کە لەکاتی خزمەتدا وەریگرتووە.

هەرچی پەیوەندی بە یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، ئەو یاسایە خاوەن پلەکانی (بریکاری وەزارەت، پارێزگار، راوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی، شارەزا، سەرۆکانی زانکۆکانی کوردستان و سەرۆکانی دەستەکانی پەیمانگە هونەرییەکان و ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆ و پەیمناگەکان ئەوانە کە پلەی ئوستادیان هەیە، خاوەن پلە تایبەتەکان، سەرۆك و ئەندامانی کۆڕی زانیاری کوردستان) دەگرێتەوە.

خاوەن وەزیفە باڵاکان لە تەمەنی 65 ساڵیدا خانەنشین دەکرێن، دەتوانرێت لەسەر داوای وەزیری پەیوەندیدار، سێ ساڵی تر بخرێتە سەر تەمەنی خانەنشین کردنیانەوە.

مووچەی خانەنشینی پلە باڵاکان بەرێژەی (50٪)ی کۆی ئەو مووچە و دەرماڵەیە دەبێت کە لە دوا مانگی ماوەی خزمەتدا وەریدەگرن، هاوکات رێژەیەك بە بڕی (5٪) بۆ هەر ساڵێکی خزمەتیان دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینیان بە مەرجێك کۆی ئەو مووچەی پێیان دەدرێت لە رێژەی (75٪)ی دوایین مووچە و دەرماڵەی پێش خانەنشین کردنیان تێپەڕ نەکات، بەڵام ئەگەر خاوەن وەزیفەیەکی باڵا بەهۆکاری

تەندروستی خانەنشین کرا یان مرد، بەبێ ئەوەی گوێ بە ماوەی خزمەتە فعلییەکەی بدرێت، مووچەیەکی خانەنشینی بەرێژەی (75٪)ی کۆی دوایین مووچە و دەرماڵەکەی بۆ دەبڕدرێتەوە.

بەشێوەیەکی ئاسایی خانەنشینانی خاوەن وەزیفە باڵاکان یان پلە تایبەتەکان لە پاش مردندا، مووچەی خانەنشینییەکەیان بۆ وەرەسەکانیان دەگوازرێتەوە.

ئەگەر بە رەچاوکردنی لایەنی بەرزی مووچەی خانەنشینی بێت، دەتوانرێت چەندین گرووپی دیکە لە چوارچێوەی پلە تایبەتەکان دابنرێن، لەناویاندا ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە پاڵپشت بە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بە رێژەی (80٪)ی دواین مووچە و دەرماڵەکانیان خانەنشین دەکرێن.

لەهەمان کاتدا پلەکانی وەك پارێزگار، جێگری پارێزگار، راوێژکاران، شارەزایان، سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانی دیکەی وەك قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان، هەموو ئەوانە بە رێژەی (80٪)ی مووچەکانیان خانەنشین دەکرێن.

دۆسیەی خانەنشینانی پلە تایبەت یان خاوەن وەزیفە باڵاکان لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێك لە دۆسیانەیە پاش خانەنیشنی سەربازی، زۆرترین کێشەی تێدایە، ئەوەش پاڵپشت بە راپۆرتە لێکۆڵینەوەکانی دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستاندا کە لە بەشەکانی دواتری ئەم راپۆرتەدا روون کراوەتەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا سەتان پەرلەمانتار و وەزیر لە ماوەی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان و یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە تا ئێستە خانەنشین کراون، ئەوە لەپاڵ سەتان کەسی تر کە بە پلەی باڵا وەك بریکاری وەزیر، شارەزا، بەڕێوەبەری گشتی و خاوەن پلەی تایبەت خانەنشین کراون و بەسەریەکەوە ژمارەیان بە هەزاران دەبێت، مووچەی ساڵانەی ئەوان بە ملیاران دیناری عێراقی دادەنرێت.

بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا ساڵی 2011 ناوی 982 خانەنشینی پلە باڵا تۆمار کراوە، کە بەسەر 506 بەڕێوەبەری گشتی، 217 راوێژکار، 163 وەزیر

و 96 بریکاری وەزیر دابەش دەبن، ئەوە لەپاڵ 503 پلەی تایبەت بە ناونیشانەکانی شارەزا، راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی کە بەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و چەند وەزارەتێکدا دابەش کراون.

بە دەرکردنی یاسای پلە تایبەتەکان، مووچەی ئەوانەی بە پلەی شارەزا خانەنشین کراون، بەرز کرایەوە، وەك ئەوەی لە نووسراوی ژمارە (11879)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رێککەوتی 22ی حوزەیرانی 2011 داوای بەرز کردنەوەی مووچەی خانەنشینانی خاوەن پلەی شارەزا پاڵپشت بەو یاسایە کراوە.

**شەشەم: خانەنشینی پارێزەران:**

پارێزەران لە هەرێمی کوردستاندا پاڵپشت بە یاسای سندووقی خانەنشینی کرێکاران ژمارە (18)ی ساڵی 1999 مافی خانەنشین بوونیان هەیە. ئەو یاسایە سێجار لە ساڵی 2002، لە ساڵی 2007 و لە ساڵی 2013دا هەموار کراوەتەوە.

پاڵپشت بەو یاسایە مووچەی خانەنشینی پارێزەران دەگاتە یەك ملیۆن و 800 هەزار دیناری عێراقی، ئەوەش لەسەر بنەمای بڕی بەشداری کردنی پارێزەرانی هاوبەش لە سندووقەکە لە ماوەی کارکردنیاندا و ئەو ئابوونەی ساڵانە دەبێت بە سندووقەکەی بدەن، تەرخان کراوە.

بەگوێرەی داتاکانی دەستەی بەڕێوەبردنی سندووقی خانەنشینی پارێزەران لە هەرێمی کوردستاندا، بە دیاریکراوی (10) هەزار پارێزەر لە سەرتاسەری کوردستاندا بەشدارییان لە سندووقی پارێزەراندا هەیە و مانگانە یان ساڵانە پارەی بەشداریی و ئابوونە بە سندووقەکە دەدەن، لەهەمان کاتدا تەنیا (200) پارێزەر لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا پاڵپشت بەو یاسایە خانەنشین کراون و مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.

لەهەمان کاتدا یاسایەکە بەپێی دووەم هەموارکردنەوەی لە ساڵی 2007دا، مووچەیەکی خانەنشینی بە بڕی 400 هەزار دیناری مانگانە بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەش تەرخان دەکرێت کە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان شەهید بوون، ئەوە لە پاڵ تەرخانکردنی مووچەیەکی مانگانە بە بڕی 300 هەزار دینار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی کە دوای کشانەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی لەکارگێڕی کوردستان لە 23ی تشرینی یەکەمی 1991ەوە تا دەرچوونی یاسای خانەنشینی پارێزەران ژمارە 18ی ساڵی 1999 کۆچی دواییان کردووە.

چەند مەرجێکی سەرەکی بۆ خانەنشین کردنی پارێزەران لە یاسایەکەدا دەقی لەسەر هاتووە، بەگشتی دەبێت پارێزەرەکە 25 ساڵ کاری پارێزەرایەتی کرد بێت، هەروەك دەبێت 63 ساڵ تەمەنی تێپەڕ کرد بێت و لەو ماوەیەدا 15 ساڵ کاری پارێزەرایەتی کرد بێت، یان ئەوەی ئەگەر پاڵپشت بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی بسەلمێنرێت کە پارێزەرەکە تووشی نەخۆشییەك بووە کە توانای کاری پارێزەرایەتی لەدەست داوە، هاوکات ئەگەر پارێزەرەکە مرد، ئەوە بەشێوەیەکی ئاسایی مافی خانەنشینییەکەی بۆ خێزانەکەی دەگەڕێتەوە و رێوشوێنەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی(مەدەنی) لەو رووەوە بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

تا ساڵی 2017 بەپێی داتاکانی سندووقی خانەنشینی پارێزەران، نزیکەی 14 هەزار پارێزەر لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای کەرکوك، بەشدارییان لەو سندووقەکەدا کردووە، بەڵام نزیکەی 200 پارێزەری خانەنشین، مووچەی خانەنشینی لەو سندووقە وەردەگرن.

**حەوتەم: خانەنشینی رۆژنامەوانان:**

رۆژنامەوانانی هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە یاسای سندووقی خانەنشینی رۆژنامەوانان ژمارە 13ی ساڵی 2001 مافی خانەنشین کردنیان هەیە.

بۆ خانەنشین کردنی رۆژنامەوان، دەبێت 25 ساڵ کاری رۆژنامەوانی ئەنجام دابێت، یان ئەوەی تەمەنی 63 ساڵ تێپەڕی کرد بێت و لەو ماوەیەدا لانی کەم 20 ساڵ کاری رۆژنامەوانی ئەنجام دا بێت. لەهەمان کاتدا ئەگەر رۆژنامەوانی بەشدار لە سندووقی خانەنشینی رۆژنامەوانان، تووشی نەخۆشییەك یان پەککەوتوویەك هات و بە راپۆرتی پزیشکی سەلمێنرا کە چیتر توانای کاری رۆژنامەوانی نەماوە، خانەنشین دەکرێت، بەهەمان شێوە رۆژنامەنووسێك بەهۆی پیشەکەی شەهید ببێت یان بەشێوەیەکی ئاسایی گیان لە دەست بدات، مووچەی خانەنشینییەکەی بۆ خێزانەکەی دەگواسترێتەوە.

بەگوێرەی داتاکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان زیاتر لە شەش هەزا رۆژنامەنووس لە هەرێمی کوردستاندا ئەندامێتیان لەو سەندیکایەدا هەیە، کە ئابوونەی ساڵانەی ئەوان لەپاڵ چەند تەرخانکراوێکی تر بۆ سندووقی خانەنشینی دابین دەکرێت، بەڵام تەنیا (9) رۆژنامەوان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا خانەنشین کراون.

کێشەی سەرەکی لە خانەنشینی رۆژنامەواناندا ئەوەیە کە ئەو یاسایە لە ساڵی 2001 دەرچووە و تا ئێستە هیچ هەموارکردنەوەیەکی بۆ نەکراوە، لەکاتێکدا بارودۆخی ئابووری لە ئێستادا بەراورد بە کاتی دەرچوونی ئەو یاسایە بەتەواوەتی گۆڕاوە، ئەوەش وایکردووە ئەو رۆژنامەوانانەی پاڵپشت بەو یاسایە خانەنشین کراون، کەمترین مووچە وەربگرن کە بەپێی یاساکە 720 دیناری سویسری بۆ رۆژنامەوانی خانەنشین دیاری کراوە و لە پاش 2003 و گۆڕینی دراوی عێراقی، رۆژنامەوانە خانەنشینکراوەکان مووچەی مانگانەی 180 هەزار دیناری عێراقی وەردەگرن.

**هەشتەم: خانەنشینی زیندانیانی سیاسی و قوربانیانی جینۆساید:**

پاڵپشت بە یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2011ی هەموارکراو، زیندانیانی سیاسی مافی خانەنشین کردنیان هەیە، ئەوەش بە چەند مەرج و پێوەرێکەوە گرێدراوە.

چەند هەزار کەسێك وەك زیندانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە، لە ساڵانی رابردوودا 11 لیستی تایبەت بە زیندانیانی سیاسی پێشکەش کراون، لیستەکانی ژمارە یەك تا هەشت رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانیان لەسەر وەرگیراوە و مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، بەڵام لیستەکانی تر هێشتا رەزامەندی لەسەر ناوەکانیان نەدراوە و مووچەیان پێ نادرێت کە لانی کەم سەرووی (2) هەزار ناوی زیندانیانی سیاسی لە خۆدەگرن.

بەهۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا پێداچوونەوە بە لیستی ناوی خانەنشینان لە بوارە جیاجیاکاندا دەکرێت لەلایەك و لەلایەکی دیکەدا، بەردەوام و بەشێوەیەکی ئاسایی کەسانی تر پاڵپشت بە یاسا بەرکارەکان خانەنشین دەکرێن، لەبەرئەوە ژمارەی خانەنشینان لە گۆڕانکاری بەردەوامدا دەبێت.

پاڵپشت بە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، مووچە بۆ سێ پۆلی شەهیدی خەباتگێڕ(شەهیدی سەنگەر)، قوربانیانی جینۆساید و شەهیدی هاووڵاتی دەبڕدرێتەوە، لە هەریەك لەو پۆلانەدا ژمارەیەکی جیاواز مووچە وەردەگرن، لەناویاندا سەرووی 70 هەزار شەهیدی سەنگەر، سەرووی (2) هەزار شەهیدی هاووڵاتی دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی پێوەست بێت بە قوربانیانی جینۆساید، حەوت لیست لە ناوەکانیان، رەزامەندی لەسەر دراوە کە سەرووی (2) هەزار کەس دەبن و سێ لیستی تر لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەهۆی تەنگژەی داراییەوە، هێشتا رەزامەندییان لەسەر نەدراوە و لە مووچە بێبەش کراون.

پاڵپشت بە رێنمایی دارایی ژمارە (35) کە بە نووسراوی ژمارە (15130/14/9)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە رێککەوتی 27ی ئابی 2013 دەرکراوە، دووپات لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ خەرج کردنی مووچەی خانەنشینی بۆ گیراوان و زیندانیانی سیاسی رزگاربووی شاڵاوەکانی ئەنفال و راگیراوانی سیاسی (24ی نیسانی قەڵادزێ، کراوەتەوە.

بەگوێرەی ناوەڕۆکی ئەو ڕێنماییە، زیندانیان و گیراوانی سیاسی ماوەی گرتنەکەیان لەشەش مانگ کەمتر نەبێت، مووچەیەکی خانەنشینی بە بڕی 250 هەزار دینار وەردەگرن.

## ناعەدالەتی لە مووچەی خانەنشیناندا

یاسا بەرکارەکانی پێوەست بە راژە و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا هۆکاری سەرەکین لە هێنانەکایەی ناعەدالەتی لە مووچەی کارمەندان و فەرمانبەران لە ماوەی پێشکەش کردنی خزمەتدا، ئەوەش جارێکی تر ناعەدالەتی لە مووچەی خانەنشینان دێنێتە کایەوە، چونکە بەشێوەیەکی بنچینەیی مووچەی خانەنشینی لەسەر بنەمای مووچەی کارمەندان و فەرمانبەران لەماوەی خزمەتدا دیاری دەکرێت.

سیستەمی مووچە لە هەرێمی کوردستاندا، بنەمایەکی تۆکمە و ڕێکخراوی نییە، کە شێوەیەك لە هاوسەنگی و دادپەروەری لە نێوان پلەکانی خزمەتدا بێنێتە کایەوە، بە پێچەوانەوە، جیاوازییەکان لە نێوان بەرزترین ئاستی مووچە و نزمترین ئاستی مووچەدا بەتەواوەتی بەرزن، بەڕادەیەك کە لە هەندێك باردا جیاوازییەکە بۆ 75 ئەوەندە هەڵدەکشێت، بەو مانایەی کە مووچەی هەندێك پلەی باڵا 75 ئەوەندەی مووچەیەکی پلە نزمەکان بەرزتر دەبێت.

پاڵپشت بە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستاندا مووچەی بنەڕەتی 15 ملیۆن دینار، لە بەرامبەر مووچەی بنەڕەتی 200 هەزار دینار و کەمتریش هەیە، ئەوە جیاوازییەکە بە رادەی 75 جار بەرزتر، لەکاتێکدا بۆ ئەو پلە باڵایانەی کە بە دەرماڵەوە مووچەکانیان لە نێوان شەش تا هەشت ملیۆن دینار دەبێت، ئەگەر بەراورد بکرێت بە مووچە و دەرماڵەی پلەیەك لە بڕی 500 هەزار دیناردا، ئەوە جیاوازییەکە بە ڕێژەی 14 تا 16 ئەوەندە دەبێت.

ئەو ناعەدالەتییە لە دابەشکردنی مووچە بە پێی نزمترین و بەرزترین ئاستی مووچە لە هەرێمی کوردستاندا، دواجار بارودۆخێکی لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە خولقاندووە، کە لە بەرژەوەندی قوڵبوونەوەی جیاوازییەکانی چینایەتی کۆتایی هاتووە.

کەمترین ئاستی مووچەی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا، بە 150 هەزار دینار دەستنیشان کراوە، ئەوەش پاڵپشت بە رێنمایی ژمارە (37)ی ساڵی 2008ی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ جێبەجێ کردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق ژمارە 27ی ساڵی 2006 دەستنیشان کراوە.

بەگشتی مووچەی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانرێت بۆ پلە ئاساییەکان و پلە باڵاکان دابەش بکرێت، پلە ئاساییەکان فەرمانبەرانی پلە یەك تا 10 دەگرێتەوە، لەکاتێکدا پلە باڵاکان ئەوانەن کە لە پۆستە باڵاکاندا جێگەیان گرتووە. بەگشتی مووچەی خانەنشینی بۆ پلە ئاساییەکان و پلە باڵاکان لەسەر بنەمای (80٪)ی دواین مووچە و دەرماڵەی پێش خانەنشین کردنیان دیاری کراوە، بەڵام ناعەدالەتی و جیاوازی گەورە لە مووچەکان، وایکردووە ناعەدالەتییەکی گەورە لە مووچەی خانەنشینیدا دروست ببێت. بۆنمونە بەپێی ئەو خشتەیەی کە لە رێنمایی دارایی ژمارە (1)ی ساڵی 2011 تایبەت بە یەکخستنی مووچە لە هەرێمی کوردستاندا و لەلایەن وەزارەتی داراییەوە لە رێککەوتی 12ی کانوونی دووەمی 2011 دەرکراوە، نزمترین ئاستی مووچە بە 140 هەزار دینار دیاریکراوە، بەڵام مووچەی فەرمانبەرێك لە پلەی راوێژکاردا لە زۆر پێشترەوە بە سەرووی دوو ملیۆن دینار دەستنیشان کراوە، وەك لە رێنمایی دارایی دەرچوو لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری لە رێککەوتی 13ی نیسانی 2008 ئاماژەی بۆ کراوە.

لە ساڵانی پاش 2003ەوە بە بەردەوامی مووچە و دەرماڵەی پلە باڵاکان زیاد کراوە، وەزارەتی دارایی و ئابووری بە رێنمایی ژمارە (28)ی ساڵی 2008، ئاماژە بە زیادکردنی دەرماڵەی چەند پلەیەکی تایبەت دەدات، لەناویاندا، دەرماڵەی بریکاری وەزارەت لە نێوان دوو تا سێ ملیۆن دینار، دەرماڵەی راوێژکار و

ئەوانەی لەو پلەیەدان لە نێوان یەك ملیۆن تا ملیۆنێك و 500 هەزار دینار، دەرماڵەی بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان لە نێوان 500 هەزار بۆ یەك ملیۆن دینار زیاد کراوە.

کەواتە هەبوونی جیاوازییەکی لە رادەبەدەر لە نێوان بەرزترین ئاستی مووچە و نزمترین ئاستی مووچەی فەرمانبەران لەکاتی خزمەتدا، لە کۆتاییدا جیاوازییەکی بەرفرەوانی لە مووچەی خانەنشینان بەپێی پلەکانیان لەماوەی خزمەتدا لێکەوتووەتەوە.

ناعەدالەتییەکانی مووچە لە هەرێمی کوردستاندا و لێکەوتەکانی لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە پانتایی کۆمەڵگەدا، بەردەوام حاڵەتێکی روون و ئاشکرا بووە، هەڵوەستە کردن لەسەر ئەو ناعەدالەتییە بەردەوام جێگەی سەرنج و تێبینی رێکخراوەکان و میدیاکان بووە، هەتا ئەگەر بەشێوەیەکی پەرتەوازە و ناڕێکخراو کاری لەسەر کرا بێت، بەڵام دواجار وەك پرسێکی گرنگ هەڵسوکەوتی لە تەکدا کراوە.

لەو ساڵانەی رابردوودا چەندین کەمپێن لە ئاستی چالاکانی مەدەنی بە ئاراستەی بەدیهێنانی دادپەروەری لە مووچەدا بەڕێوە بردراون، لەپاڵ چەندان راپۆرتی میدیایی کە هەڵوەستە لەسەر ناعەدالەتی لە مووچەدا دەکەن، کاریگەرییەکە لە چەند ئاستێکدا رەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئاستی چارەسەرکردن، وێڕای ئەوەی، خودی ئەو چالاکییانەی فشاردانان، هۆکار بووە لەوەی یاساداڕێژەری هەرێمی کوردستان لە چەندین یاسای جیاجیادا، لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی پێویست بکات کە هەوڵی چارەسەرکردنی جیاوازییەکان لە مووچەدا بدات، بەڵام وەك دەردەکەوێت بارودۆخەکە وەك خۆی درێژ بووەتەوە.

خاوەن پلە باڵاکان سەرەڕای ئەوەی مووچە و دەرماڵەیەکی بەرزیان پێدراوە، لەهەمان کاتدا خەرجییەکانی وەك کرێی خانوو، یان سووتەمەنی و خزمەتگوزارییەکانی دیکەیان لەسەر بودجەی گشتی دەوڵەت بووە، بەڵام لەگەڵ قوڵبوونەوەی تەنگژەی دارایی، وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم لە 19ی کانوونی دووەمی 2016دا بڕیارێکی بە نووسراوی ژمارە (315/4/9) دەرکردووە و تیایدا بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە لەو رێککەوتەوە کرێی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و خانووی پلە باڵاکان لەسەر خۆیان دەبێت.

له هەرێمی کوردستاندا سەرەڕای هەبوونی ناعەدالەتی له نێوان نزمترین مووچه و بەرزترین مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان بەگشتی، ئەوه ناعەدالەتییەکی بەرچاو له نێوان مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان بەراورد به مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان له عێراق هەیه. لەو روانگەیەوه بەردەوام فشار و داخوازییەکان بۆ هاوسەنگ کردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان لەئاستی ناوخۆ و بەراورد به عێراق هەبووه و ئەوەش وایکردووه له سالآنی 2008 بەدواوه، له چەندین یاسای تایبەت که له پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراون، هاوسەنگ کردنی مووچه، وەك پێویستییەك بخرێته سەرشانی حکوومەتەوه، بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەند به یەکسان کردنی مووچه نەبووه.

له یاسای بودجەی ساڵی 2013دا، بەتایبەت مادەکانی 21 تا 25 له بەشی پێنجەمی یاسایەکەدا، چەند هەنگاوێکی پێوەست به بەدیهێنانی یەکسانی و هاوسەنگی له نێوان مووچەی فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی و خانەنشیناندا لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا پێویست کراوه. وەك:

یەکەم: له مادەی 21ی یاساکەدا دووپات لەوه کراوەتەوه که پێویسته حکوومەتی هەرێم یەکسانی له نێوان مووچه و دەرماڵەی فەرمانبەر و کارمەندانی هەرێم لەگەڵ هاوشانەکانیان له حکوومەتی عێراق دەستەبەر بکات.

دووەم: لەسەر حکوومەتی هەرێم پێویست کراوه یەکسانی له مووچەی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوشەکانیان له خانەنشینی حکوومەتی عێراق مسۆگەر بکات، به مەرجێك نەبێته هۆی کەم کردنەوەی مووچەکانیان، ئەوەش له مادەی 22ی یاسایەکەدا دەقی لەسەر هاتووه.

سێیەم: لەسەر حکوومەتی هەرێم پێویست کراوه که یەکسانی دەستەبەر بکات له نێوان مووچەی هێزەکانی پێشمەرگه لەگەڵ هاوشانەکانیان له هێزه چەکدارەکانی عێراق، هەروەك له مادەی 25ی ئەو یاسایەدا دەقی لەسەر هاتووه.

ئەو سێ خاڵەی لەو مادانەی ناو یاسای بودجەی ساڵی 2013دا هاتوون، دووباره کردنەوەی هەمان سێ بڕگەی ناو یاسای بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستانن که له مادەی 24ی یاسایەکەدا دەقیان

لەسەر کراوە، ئەوانیش یەکسانی کردنی مووچەی فەرمانبەران، خانەنیشان و پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس لەگەڵ هاوشانەکانیان لە حکوومەتی عێراق دەگرێتەوە.

ئەو داخوازییە بۆ یەکسان کردنی مووچەی خانەنشینان و فەرمانبەر و کارمەندانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوشانەکانیان لە دەوڵەتی عێراق لە یاسای بودجەی ساڵی 2008یشدا دووپات کراوەتەوە و لە مادەکانی پازدە و شازدەی یاسایەکەدا دەقیان لەسەر هاتووە.

یاسادارێژەری هەرێمی کوردستان بۆ نزیك کردنەوەی ئاستی جیاوازییەکانی مووچەی خانەنشینان لە هەرێمی کوردستاندا، هەنگاوی لابەلای ناوە، لە هەندێك حاڵەتدا پاداشتێکی ساڵانە بە گرووپێکی خانەنشینی کراوە، وەك ئەوەی لە یاسای بودجەی ساڵی 2012دا، بەپێی بڕگەی دووەم لە مادەی شەشەمدا، ئەو خانەنشینانەی کە مووچەکانیان لە 400 هەزار دینار و کەمتر بێت، بەخشینێکیان بە بڕی 600 هەزار دینار و بە دووجار لەماوەی ساڵی دارایی 2012دا پێ دەدرێت. هەروەك بەپێی بڕگەی دووەم لەمادەی حەوتەمی یاسایەکەدا، مووچەی خانەنشینی وەرەسەی شەهیدی هاووڵاتی لە 180 هەزار دینارەوە بۆ 250 هەزار دینار زیاد کراوە.

ئەوەی پێوەندی بە بەخشینەکانەوە هەبێت، بڕێکی سنووردارە و بۆ یەك ساڵی داراییە، ئەوەش پێوەندی بە بەرز کردنەوەی مووچەی گرووپێکی خانەنشینی وەك شەهیدانی هاووڵاتییەوە هەبێت، بە بڕی زیاد کراوەوە، هێشتا بەراورد بە مووچەکانی تر، زۆر کەمترە و لە ئاست ئەو جیاوازییە گەورەیەدا نییە کە لە مووچەدا هەیە، بەو حاڵەیشەوە، چارەسەرکردنی جیاوازییەکانی مووچە، بە بەرزکردنەوەیەکی سنووردار لە مووچەی گرووپێکی خانەنشینیدا بەدی نایەت، بەڵام پێویستی بە رێکخستنێکی گشتگیر هەیە کە مووچەی هەموو خانەنشیان بگرێتەوە، ئەوەش بە رەچاوکردنی پێوەرێکی گونجاو کە رادەیەکی هاوسەنگ لە نێوان نزمترین ئاستی مووچە و بەرزترین ئاستی مووچەدا دابنێت.

دەشێت ئەو پێوەرە لە دیاریکردنی نزمترین و بەرزترین ئاستی مووچەدا، بەشێوەیەك بێت کە بۆنمونە، جیاوازیی لە ئاستی بەرزترین مووچە بەراورد بە نزمترین مووچە لە 10 ئەوەندە تێپەڕ نەکات، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر نزمترین مووچە 200 هەزار دینار بێت، ئەوە بەرزترین مووچە لەوپەڕەکەیدا

نابێت لە دوو ملیۆن دینار تێپەڕ بکات. لەکاتێکدا بارودۆخەکە لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکە کە نزمترین مووچەی خانەنشینی لە 150 هەزار دینارەوە دەست پێدەکات، بەڵام بەرزترین ئاستی مووچە بۆ سەرووی 15 ملیۆن دینار بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر رەچاوی پێوەری 10 ئەوەندەی تێدا بکرێت، ئەوە نابێت بەرزترین ئاستی مووچە لە یەك ملیۆن و 500 هەزار دینار تێپەڕ بکات. ئەوە لەکاتێکدا کە پلە باڵایەکانی وەك ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران یان پەرلەمانتاران یان ئەوانەی بە پلەی هاوشانی ئەوان خانەنشین کراون، شەش ملیۆن دینار دەبێت، ئەوەش بەراورد بە نزمترین ئاستی مووچە، جیاوازییەکە بەڕادەی 40 ئەوەندە.

ساڵانی 2014–2015 زۆرترین نیگەرانی و داخوازییەکان لە ئاستی رای گشتی هەرێمی کوردستاندا، بەرامبەر بە ناعەدالەتییەکانی مووچە بەگشتی لە ناوەندەکانی میدیایی و چالاکە مەدەنییەکاندا خراونەتەڕوو، بە شێوەیەك کە نیگەرانی و داخوازییەکان کاریگەربوون بەسەر پەرلەمانتاران و بەرپرسانی حکوومەتەوە، لەو قۆناغەدا چەندین هەوڵی جیاجیا بۆ کەم کردنەوەی جیاوازییەکان لە مووچەدا خراونەتەڕوو.

لە ساڵی 2014دا فراکسیۆن و لیژنە پێوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی چەند پرۆژەیەك بوون بۆ کەم کردنەوەی جیاوازییەکان لە ئاستی مووچەدا، کە لە ئەنجامدا خستنەڕووی چەند پرۆژەیەکی یاسایەکی بۆ هەموارکردنەوە یان رێکخستنی مووچە لێکەوتەوە. لەو کۆبوونەوەیەشدا کە لە نێوان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێم لە کانوونی یەکەمی 2014دا بەڕێوە چوون سەرۆکایەتی پەرلەمانیان شاندەکەی حکوومەتیان لە هەوڵێکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان ئاگەدار کردەوە بۆ داڕشتنی پرۆژە یاسایەك کە دادپەروەری لە نێوان مووچەی پلە نزمەکان و پلە باڵاکان بێنێتە دی.

لە 8ی ئەیلوولی 2015دا، ژمارەیەك لە چالاکانی مەدەنی و میدیاکاران لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە و بەگوێرەی راگەیەنراوی پەرلەمان لەهەمان رۆژدا، ئەوان داوایان لە

پەرلەمان کردووە کە پەلە بکرێت لە کەم کردنەوەی مووچەی پلە باڵاکان و ڕێکخستنەوەی سیستەمی مووچە لە هەرێمی کوردستاندا.

لەگەڵ قوڵبوونەوەی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا، داخوازییەکانی پێوەست بە کەم کردنەوەی مووچەی پلە باڵاکان زیاتر بوون، لەو پرۆژەیەی 11 خاڵییەی کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 12ی کانوونی یەکەمی 2015ی ئەنجوومەنی وەزیراندا پەسند کرا، زیاتر لە نیوەی خاڵەکانی پێوەستن بە سیستەمی مووچە و دەرماڵەوە.

لە خاڵی چوارەمی پرۆژەکەدا هاتووە: "پێویستە مووچەی خانەنشین کراوانی پلە باڵا و تایبەتەکان و مووچەی ئەوانەشیان کە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە خانەنشین دەبن، بەهەمان ڕێژە ڕێك بخرێتەوە و ڕاگرتنەکانی دەرماڵەکانی ئاماژەپێکراو لەکاتی دەستنیشان کردنی مووچەی خانەنشینان و بەشێوەی پاشەکەوت بۆیان تۆمار دەکرێت تا دەرچوونی یاسایەکی نوێی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی مووچەی خانەنشینان".

پێشتر وەزیری دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەیلوولی 2015دا ناوەڕۆکی پرۆژەیەکیانی بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەی دارایی خستەڕوو، لەو پرۆژەیەدا چەند خاڵێکی پێوەست بە مووچەی خانەنشینان و پلە باڵاکان دووپاتی لەسەر کراوەتەوە. لەناویاندا: "کەم کردنەوەی مووچەی ئەندام پەرلەمان و وەزیر و پلە تایبەتەکان بەڕێژەی 50٪" و هەروەها "پێداچوونەوە بە مووچەی خانەنشینی پلە باڵایەکان".

سەرەڕای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە چەند بڕیارێك لە ئاستی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، سیستەمی پاشەکەوتی مووچەی بەسەر کۆی فەرمانبەراندا سەپاند و لەو چوارچێوەیەشدا مووچەی پلە باڵاکان کەم کرایەوە یان ئەوەی دەرماڵە جیاجیاکانیان بڕدرا، بەڵام ئەو کەم و زیادییە، هیچ کات پێوەست نییە بە خاوەندارێتی کردن لە سیستەمێکی دادپەروەرانەی مووچە، بەڵکو هەنگاوێکی حکوومەتە بۆ تێپەڕکردنی تەنگژەیەکی دارایی کە تێی کەوتووە و وەڵامی داخوازی و نیگەرانییەکانی پێوەست بە ناعەدالەتی لە سیستەمی مووچە ناداتەوە.

ساڵانی پێشتر حکوومەتی هەرێم چەند بڕیارێکی بەو ئاراستەیە دەرکردووە، بۆنمونە، وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تەموزی 2011دا ڕێنمایی دارایی ژمارە (23)ی راگەیاند، پاڵپشت بە ناوەڕۆکی ڕێنماییەکە ڕێژەی (10٪) لە مووچەی بنەڕەتی هەریەك لە (سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی، سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێری پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و ئەوانەی بەو پلەیە دێن و ئەوانەی مووچەی وەزیر و بریکاری وەزارەت وەردەگرن و ئەوانەش بەو پلەیە دێن، ئەو کەسانەی مووچەی راوێژکار وەردەگرن و خاوەن پلە تایبەتەکان و دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی) دەبڕدرێت، ئەو لێبڕینە، بە ڕێنمایی دارایی ژمارە (37)ی ساڵی 2013 دیسان درێژ کراوەتەوە، بەڵام پاش پەسەندکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵی 2014، وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێم بە نووسراوی ژمارە (1460) لە ڕێککەوتی 20ی شوباتی 2014دا، ڕێنمایی تایبەت بە لێبڕین/گلدانەوەی ڕێژەی (10٪)ی مووچەی پلە باڵاکانی هەڵوەشاندەوە.

کەواتە ئەو بڕیار و ڕێنماییانە چارەسەری بنچنەیی نین و ناتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆ بە ئاراستەی بەدیهێنانی دادپەروەری لە سیستەمی مووچەدا دابنێن، بە پێچەوانەوە ڕێنماییەکان وێڕای سنوورداربوونی کاریگەرییەکەیان، سروشتێکی کاتییان هەیە.

ئەوە روونە کە بەدرێژایی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان تا خولی سێیەم، لەپاڵ کابینەی یەکەمی حکوومەت بۆ کابینەی هەشتەم بە خستنە سەری کابینەکانی قۆناغی دوو ئیدارەییەوە، سەتان وەزیر و پەرلەمانتار خانەنشین کراون، ئەوە جگە لەو کەسانەی بە پلەی تایبەتی وەك بریکاری وەزارەت، راوێژکار، شارەزا و پلەکانی تر خانەنشین بوون کە بەسەر یەکەوە هەزاران دەبن، ئەوان ساڵانە بە ملیاران دینار وەك مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.

بۆنمونە، ئەگەر وا دابنێین کە تەنیا 500 کەس بە پلەی وەزیر و پەرلەمانتار بە مووچەی شەش ملیۆن دینار خانەنشین کراون، کەواتە مانگانە سێ ملیار دینار و ساڵانە 36 ملیار دینار تەنیا بۆ مووچەی ئەو

500 پلە تایبەتە دەچێت، ئەو بڕە پارەیە بەسەریەکەوە یەکسانە بە مووچەی ساڵانەی شەش هەزار خانەنشین کە مانگانە 500 هەزار دینار وەردەگرن.

## بەڕێوەبردنی داهاتی سندووقەکانی خانەنشینان لە کوردستاندا

### یەکەم: داهاتی سندووقەکانی خانەنشینی لە کوردستاندا

بەگوێرەی بڕگەی حەوتەم لە مادەی سێیەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق ژمارە 27ی ساڵی 2006، کە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت، رێژەی (7٪) لە مووچەی فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی وەك گلدانەوەی خانەنشینی دەگێڕدرێتەوە، هاوکات بەگوێرەی بڕگەی سێیەم لەهەمان مادەدا، دەسەلآت بە ئەنجوومەنی وەزیران دراوە، دەستکاری ئەو رێژەیە بکات بە رەچاوکردنی گۆڕانکاری لە بارودۆخی دارایی، بەشێوەیەك کە ئەنجوومەنی وەزیران تەنیا دەتوانێت رێژەی (7٪)یەکە لە مووچەی فەرمانبەرانی سەربازی و مەدەنی بۆ کەمتر دەستکاری بکات، بەلآم بۆ زیادکردنی ئەو رێژەیە دەبێت لە پەرلەمان زیاد بکرێت و لە دەسەلآتی ئەنجوومەنی وەزیراندا نییە.

پاڵپشت بە ناوەڕۆکی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق ژمارە 27ی ساڵی 2006، هەروەها یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەلآیەتی کرێکاران، یاسای سندووقی خانەنشینی پارێزەران و سندووقی خانەنشینی رۆژنامەوانان، دەبێت ئەو پارەیەی لە فەرمانبەر یان کرێکار یان پارێزەر و گرووپەکانی دیکەی خانەنشینی لەماوەی خزمەتدا، گل دەدرێتەوە، راستەوخۆ بخرێتە ناو سندووقەکانی خانەنشینییەوە.

جگە لەو داهاتەی لە رێگەی بڕینی مووچەی فەرمانبەران یان کرێکارانی کەرتی تایبەت یان خاوەن پیشەکانی تر دەچێتە سندووقەکانی خانەنشینییەوە، ئەوە پاڵپشت بە یاسا سندووقەکانی خانەنشینی چەند سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتیان هەیە. لە شێوەی پاڵپشتی دارایی حکوومەت بۆ سندووقەکە، هاوکاری و بەخشین، یان ئەو قازانجەی لە رێگەی بەکارهێنانی پارەی سندووقەکە لە پرۆژەکانی وەبەرهێناندا دەست دەکەوێت یان ئەو سوودەی کە لە ئەنجامی قەرزپێدان لە پارەی سندووقەکە بە لایەنەکانی فەرمی یان نیمچە فەرمی وەردەگیرێت و داهاتی سندووقەکەی پێ زیاد دەبێت.

یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق ژمارە 27ی ساڵی 2006 کە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت، چەندان سەرچاوەی داهاتی بۆ سندووقی خانەنشینی مەدەنی و سەربازی دیاری کردووە، لەناویاندا:

یەکەم: رێژەی گلدانەوەی خانەنشینی کە بڕی (7٪)ی مووچەی فەرمانبەران دەکات.

دووەم: بەشداری حکوومەت بە تەرخانکردنی (12٪)ی مووچەی فەرمانبەران.

سێیەم: ئەو بڕە پارەیەی لە وەبەرهێنانی پارەی سندووقەدا دەست دەکەوێ.

چوارەم: ئەو کۆمەك و بەخشینانەی لەناوخۆ یان لە دەرەوەی عێراق بۆ سندووقە دابین دەکرێن.

هەرچی پێوەندی بە داهاتەکانی سندووقێکی وەك سندووقی خانەنشینی پارێزەرانەوە هەبێت، لە مادەی پێنجەمی یاسای سندووقی خانەنشینی پارێزەراندا، داهاتەکانی سندووقەکە بەم شێوەیە هاتووە:

1–ئابوونەی بەشداربوونی پارێزەران لە سندووقەدا.

2– ئەو پولانەی تایبەتن بە سندووقەکە.

3- (15٪)ی ئەو مزوکرێیەی بە پارێزەر دەدرێت لەو دەعوایانەدا کە لیژنەی بەشکردنی دەعواکان بەپێی یاسای پارێزەرایەتی پێی دەسپێرێ.

4- بەخششە جۆراوجۆرەکان بەڕەزامەندی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان.

5- دەستگیرۆیی و یارمەتییەکانی حکوومەتی هەرێم.

دووەم: لە حاڵەتی ڕوودانی کورتهێنان لە سندووقدا، ئەوا وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم پڕ کردنەوەی کورتهێنانی سندووقەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەتوانرێت داهاتی سندووقەکە لە پرۆژەی وەبەرهێناندا خەرج بکرێت بەمەبەستی قازانج، لەهەمان کاتدا دەتوانرێت داهاتی سندووق بە قەرز بە دامودەزگەکان بدرێت، ئەوەش سوودێك دەخاتەوە سەر قەرزەکان یان ئەو پارەیەی لە ئەنجامی دانانی داهاتەکە لە بانکەکاندا دەست دەکەوێت، ئەوەش لە مادەی حەوتەمی یاسایەکەدا دووپاتی لەسەر کراوە.

مووچەی خانەنشینی پارێزەران لەسەر بنەمای شەش هەزار دینار بۆ هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی تەرخان دەکرێت، تەنیا مەرجێك ئەوەیە کە مووچەی خانەنشینییەکە لە یەك ملیۆن و 800 هەزار دینار زیاتر نەبێت، لەکاتێکدا کە پارێزەران پابەند دەبن بە پێدانی ئابوونەی ساڵانە بە سندووقەکە، ئەوەش بەپێی ماوەی تۆمارکردنیان لە سندووقەکە، بڕی ئابوونەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەم شێوەیە:

1-بڕی 100 هەزار دینار ئەگەر سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕ نەبوو بێت.

2-بڕی 250 هەزار دینار ئەگەر سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنیدا تێپەڕ بووبێت.

3- بڕی 300 هەزار دینار ئەگەر پێنج ساڵ بەسەر تۆمارکردنیدا تێپەڕ بووبێت.

4- بڕی 350 هەزار دینار ئەگەر 10 ساڵ بەسەر تۆمارکردنیدا تێپەڕ بووبێت.

5- بڕی 400 هەزار دینار ئەگەر 15 ساڵ بەسەر تۆمارکردنیدا تێپەڕ بووبێت.

6– بڕی 450 هەزار دینار ئەگەر 20 ساڵ بەرەو سەرتر بەسەر تۆمارکردنیدا تێپەڕ بووبێت.

بەگوێرەی داتاکانی دەستەی بەڕێوەبردنی سندووقی پارێزەران لە هەرێمی کوردستاندا، تا مانگی ئابی ساڵی 2017، بە دیاریکراوی (14) هەزار پارێزەر بەشدارییان لە سندووقی خانەنشینیدا کردووە، ئەگەر کەمترین ئاستی ئابوونەی ساڵانە دیاری بکەین، ساڵانە یەك ملیار دینار تەنیا ئەو داهاتەی سندووقی خانەنشینی پارێزەرانە کە لە ئەنجامی ئابوونەی ساڵانەی پارێزەرانەوە دەست دەکەوێت، ئەوە جگە لەو داهاتەی کە لە سەرچاوەکانی دیکەی وەك بەکارهێنانی پوڵی پارێزەرایەتی یان قازانجی بانکی یان قازانجی قەرزپێدان و وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی تر دەست دەکەوێت. ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر وادابنرێت کە کۆی گشتی ئەو پارێزەرانە تەنیا سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنیاندا تێپەڕ بووە و دەبێت 250 هەزار دینار بدەن، کەواتە ساڵانە سێ ملیار و 500 ملیۆن دینار تەنیا داهاتی ئابوونەیە.

سەرچاوەکانی داهاتی سندووقی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانیش، هاوشێوەی سندووقەکانی دیکەیە، دەتوانرێت پارەکە یان بڕێکی دیاریکراو لە پارەکە بە قەرز و لە ڕێگەی وەرگرتنی سوودەوە بە حکوومەت یان لانی تر بدرێت، یان وەبەرهێنانی پێ بکرێت و هەروەها پێویست کراوە کە حکوومەت بەشداری لە سندووقەکەدا بکات، ئەوە لەپاڵ ئەو کۆمەك و بەخشینانەی بۆ سندووقە لەناوخۆ یان لە دەرەوە تەرخان دەکرێن.

دەتوانین کەمترین ئاستی بەشداری لە سندووقی خانەنشینی کرێکاران دیاری بکەین کە کەمترین مووچەی کرێکار بۆ بەشداریکردنی لە سندووقی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، نابێت لە 285 هەزار دینار کەمتر بێت، (17٪)ی ئەو مووچەیە، دەکاتە 51 هەزار دیناری مانگانە، کە 15 هەزار دینار لەلایەن کرێکار و 36 هەزار دینار لەلایەن خاوەنکارەوە دەدرێت.

لەسەر بنەمای 80 هەزار کرێکار کە مانگانە بەشداری لە سندووقی خانەنشینی دەکەن، ئەگەر تەنیا کەمترینی ئاستی دەستەبەری و خانەنشینی کرێکاران بکرێتە پێوەر، کەواتە مانگانە چوار ملیار و 80 ملیۆن دینار داهاتی سندووقی خانەنشینی کرێکارانە و ساڵانە ئەو داهاتە بۆ 48 ملیار و 960 ملیۆن دینار بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە تێکرای کرێکاران بە کەمترین ئاستی مووچە بەشداریان

نەکردووە، بەڵام بە مووچەی زۆر بەرزتر بەشداری دەکەن، ئەوەش داهاتی سندووقەکە هێندەی تر بەرز دەکاتەوە.

لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو کرێکارانەی خۆیان لە سندووقی خانەنشینی و دەستەبەریدا تۆمار دەکەن، داهاتی سندووقی کرێکاران زیاتر هەڵدەکشێت، بۆنمونە، لە مانگی ئازاری 2017دا، سەرووی دوو ملیار و دینار تەنیا ئەو داهاتەیە کە لە کرێکارانی دەستەبەرکراوی سنووری پارێزگای هەولێر وەرگیراوە، ئەو بڕە لە ساڵێکدا بۆ زیاتر لە 24 ملیار دینار هەڵدەکشێت، لەکاتێکدا ئەگەر لە ئازار تا کانوونی یەکەمی ئەمساڵ تەنیا 200 کرێکاری تر بەشداری لەو سندووقەدا بکەن و بە کەمترین ئاستی مووچە دەستەبەر بکرێن، ئەوە 10 ملیۆن و 200 هەزار دیناری دیکە دەچێتە سەر ئەو بڕە پارەیەوە.

**دووەم: بەکارهێنانی داهاتی سندووقەکانی خانەنشینان:**

ڕۆشناییەکی ئەوتۆ لەمەڕ داهاتەکانی خانەنشینی مەدەنی و سەربازی لە هەرێمی کوردستاندا نییە، ئەوەش بەهۆی ناشەفافیەتێك بەگشتی لە بەڕێوەبردنی داهات لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەگەر فەرمانبەرانی شارستانی هەرێمی کوردستان تەنیا بە 600 هەزار فەرمانبەر دەستنیشان بکەین و ئەو پارەیەی کە مانگانە بۆ خانەنشینی لە مووچەکانیان دەبڕدرێت بە تەنیا 50 هەزار دینار بخەملێنین، ئەوە مانگانە داهاتی سندووقی خانەنشینی شارستانی/مەدەنی دەکاتە 30 ملیار دینار و ساڵانەش دەکاتە 360 ملیار دیناری عێراقی، بەڵام ئەوە روونە کە داهاتی سندووقی خانەنشینی زۆر لەو بڕە زیاترە.

هەرچی پەیوەندی بە خانەنشینی سەربازییەوە هەبێت، بەگوێرەی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان تا ساڵی 2015 ژمارەی ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستاندا لە پیشە سەربازییەکاندا بوون بە 203 هەزار و 487 کەس دەستنیشان کراوە، گریمانەی ئەوە بکەین هەر یەکێك لەوان مانگانەی 50 هەزار دینار لە مووچەکەی بۆ خانەنشینی گل بدرێتەوە، ئەوە ساڵانە سەرووی 122 ملیار دینار دەچێتە سندووقی خانەنشینی سەربازییەوە. بەڵام بەپێی لێدوانی ئەمینداری گشتی هێزەکانی پێشمەرگە، ژمارەی

گشتی ئەو پێشمەرگانەی لە ئەرکدان 160 هەزار پێشمەرگەیە بە پێشمەرگەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و یەکەی 70 و 80ی پێشمەرگەوە.

بەپێی بنەما ژمێرییەکان پێویست دەکات سندووقی خانەنشینی وەك ئیراداتی کۆتایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و تەنیا بەمەبەستی خانەنشینی بەکار بهێنرێت، بەڵام داهاتی سندووقەکانی خانەنشینی لە کوردستاندا، بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکراوە و حکوومەت بە ویست و ئارەزووی خۆی بەکاری هێناوە و تێکەڵ بە بودجەی گشتی کردووە، ئەوەش پێشێلکارییەکی یاساییە بەرامبەر بە داهاتی سندووقەکانی خانەنشینی و خانەنشینان دەکرێت.

بە گەڕانەوە بۆ یاساکانی بودجە لە ساڵانی رابردوودا، ئەوە روون دەبێتەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام وەك بەشێك لە داهاتەکانی خۆی، هەڵسوکەوتی لەتەك داهاتی سندووقەکانی خانەنشینیاندا کردووە، چونکە لە پەسەندکردنی بودجەی ساڵانی رابردووەوە تا ئێستا، بەردەوام بەشێك لە داهاتی گشتی بەناوی مووچەی خانەنشینان تەرخان کراوە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە حکوومەت داهاتی خانەنشینانی لە داهاتە گشتییەکان جیا نەکردووەتەوە، خەرجی دەکات و لە بودجەی گشتیدا بۆی تەرخان دەکاتەوە.

وێڕای ئەوەی لە یاسای بودجەدا، پارەیەك بەناوی مووچەی خانەنشینان تەرخان دەکرێت، بەڵام روون نییە ئەو پارەیەی بەناوی خانەنشینییەوە لە فەرمانبەران دەبڕدرێت، چی بەسەر دێت و چۆن خەرج دەکرێت.

لە بودجەی ساڵی 2011دا، بڕی (487) ملیار و (403) ملیۆن دینار بۆ خانەنشینی مەدەنی و بڕی (601) ملیار و (952) ملیۆن دینار بۆ خانەنشینی سەربازی تەرخان کراوە. لە پاڵ ئەوەشدا بڕی (9) ملیار و (356) ملیۆن دینار بۆ پاداشتی خانەنشینی مەدەنی و بڕی (4) ملیار و (847) ملیۆن دیناری تر بۆ پاداشتی خانەنشینی سەربازی تەرخان کراوە.

له بودجەی ساڵی 2012دا، مووچە و پاداشتی خانەنشینی مەدەنی بە 311 ملیار و 363 ملیۆن دینار دەستنیشان کراوە، بەڵام مووچە و پاداشتی خانەنشینی سەربازی بە 551 ملیار و 80 ملیۆن دینار دانراوە.

هەروەك لە بودجەی ساڵی 2013دا، مووچە و پاداشتی خانەنشینی مەدەنی بە 330 ملیار و 544 ملیۆن دینار و مووچە و پاداشتی خانەنشینی سەربازی بە 780 ملیار و 733 ملیۆن دینار دەستنیشان کراوە.

وەك دەردەکەوێت هەڵکشانێکی گەورە لە مووچە و پاداشتی خانەنیشنی سەربازی لەو ماوەیەدا روویداوە. لەگەڵ ئەوەشدا روون نییە ئەگەر لە ساڵی 2011دا مووچەی خانەنشینانی مەدەنی لە کوردستاندا بەتەرخان کردنی بڕی 487 ملیار دینار دابین کرا بێت، چۆن لە ساڵی 2013دا بە تەرخان کردن بڕێکی کەمتر (330) ملیار دینار دابین کراوە؟ لەکاتێکدا بەشێوەیەکی سروشتی و ئاسایی ساڵ بە ساڵ ژمارەی خانەنشینان بەرەو سەرتر دەچێت، نەك لە کورتی بدات.

**خانەنشینی سیاسی یان گەندەڵی لە دۆسیەی خانەنشیناندا**

لە هەرێمی کوردستاندا، پەیڕەوی لە سیاسەتێکی روون و راشکاو بۆ خانەنشینی ناکرێت، پرۆسەکە بە ئاراستەیەکی سیاسی و زۆرجار میزاجی یان بەبێ هەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە کە رەچاوی داهاتی گشتی دەوڵەت، توانای مرۆیی، ئاستی تەمەن و هێزی کاری نوێ و لایەنە پێوەندیدارەکانی تر بکات، بەڕێوە دەبردرێت.

بە پێچەوانەوە، لە زۆر بارودۆخدا دۆسیەی خانەنیشنی بەشێوەیەکی زەق و ئاشکرا تێکەڵ بە پرسی سیاسی کراوە، ئەوەش لە شێوەی خانەنشین کردنی سەتان و هەزار کەس بە شێوەیەکی نایاسایی، لەپاڵ

بەرز کردنەوەی پلەی سەتان و هەزاران کەس بە نایاسایی و لە پێناو تەرخان کردنی مووچەیەکی بەرزتری خانەنشینی دا.

رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەگشتی و بەعس بەتایبەت زۆرجار بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە لە رێگەی سەپاندنی یاسای خانەنشینییەوە، هەوڵی دوورخستنەوەی ئەو کەسانەیان لە دامەزراوەکانی دەوڵەت داوە کە لایەنگر و جێگەی متمانەی بەعس نەبوون. بەڵام لە پاش 2003ەوە مۆدێلێکی نوێ لە خانەنشینی سیاسی و نایاسایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەزەقی دەرکەوت. کە خۆی لە خانەنشین کردنی هەزاران کەسی ناشایستە دەبینێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ رۆژێك خزمەتی مەدەنی یان سەربازییان پێشکەش بە دەوڵەت کرد بێت. واتە لەو قۆناغەدا کەسانی سەر بە حزبە باڵادەستەکان کە لە دەرەوەی وەزیفەی دەوڵەتدان، خانەنشین دەکرێن و مووچەی خانەنشینیان پێ دەدرێت.

دەکرێت ئەوانە بە (خانەنشینی سیاسی) ناودێر بکرێن، چونکە هەموو بنەمای خانەنشین کردنیان، جگە لە بنەما و وەلائی سیاسی زیاتر نییە. ئەو ئاراستەیە نەك هەر لە ئاستی کۆمەڵانی خەڵکدا و لە پانتایی کۆمەڵگەدا، بەڵکو لە ئاستی سەرکردایەتی باڵای حزبەکانی سیاسی، تا بە ئاستی رێکخراوە ناحکومییەکان و میدیاکانیشدا پەیڕەوی کراوە. کەم نین ئەوانەی لە سەرکردایەتی حزبەکاندا یان لە بازنەی رێکخراوە ناحکومییەکان و میدیاکاندا بە پلەی باڵای مەدەنی یان سەربازی و بە ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسی خانەنشین کراون.

لەکاتێکدا حزبە فەرمانڕەواکان خانەنشین کردنی سەرکردەی حزبەکانی تر، وەك بەرتیل و ئیمتیازێکی سیاسی بە حزبەکانی تر دەدەن، لەهەمان کاتدا سەرکردایەتی باڵادەستی حزبەکانی تر، ئەو جۆرە لە خانەنشینییە نایاساییە، وەك ئیمتیازێك بە هەندێك لەو ئەندام و کارەکتەرە حزبییانە دەدەن کە لە خۆیانەوە نزیکن یان دڵنیاییەکیان هەیە لەپاڵیان دەمێننەوە.

چەند حاڵەتێکی بەربڵاو لە بە نایاسایی خانەنشین کردندا هەیە، یەکێك لەو حاڵەتانە خانەنشین کردنی خەڵکە لە پلە ئاساییەکان(پلەکانی 1–10)، بەڵام ئەو خانەنشین کراوانە، هیچ کاتێك فەرمانبەری دەوڵەت نەبوون و وەزیفەیان نەدیوە. لەپاڵ ئەوانەدا، خانەنشین کردنێکی بەرفرەوان لە پلە تایبەتەکاندا هەیە،

داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستاندا، لێکۆڵینەوەی لە دۆسیەی خانەنشین کردنی 500 پلەی تایبەت کردووە، ئەو دۆسیە جولێنراوە، ئەوان داوایان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە کە روونکردنەوە لەسەر ئەو خانەنشینە پلە تایبەتانە بدرێت کە بەشێکیان پێشتر هیچ وەزیفەیەکیان نەبینیوە و بەشێکیان پلەکانیان بەرز کراوەتەوە، بەگوێرەی داواکاری گشتی، ئەنجوومەنی وەزیران بەشێوەیەکی زارەکی وەڵامی داونەتەوە، کە هۆکاری خانەنشین کردنی ئەو کەسانە ئەوەیە کە ئەوانە کەسانی شۆڕشگێڕ بوون و بەشدارییان لە خەباتی شاخدا کردووە.

ئەوە لەکاتێکدا کە لە هەرێمی کوردستاندا یاسای خانەنشین کردنی پێشمەرگە هەیە و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە ماوەی ساڵانی نێوان 1961 تا 1991 بەشدارییان لە شۆڕشدا کردووە، بەڵام ئەو 500 کەسەی دۆسیەکەیان لە داواکاری گشتییەوە جولێنراون، بە پلەی شارستانی خانەنشین کراون، لەناویاندا، 44 وەزیر، 60 بریکاری وەزیر، 260 بەڕێوەبەری گشتی و 75 راوێژکار هەیە، مووچەی خانەنشینی ئەوانە بەسەریەکەوە سەرووی یەك ملیار دیناری مانگانەیە. ئەگەر ئەو خانەنشین کراوانە بەشدارییان لە شۆڕشدا کردووە، بە یاسا مافی خانەنشین کردنیان هەیە و دەتوانرێت بە پلەی سەربازییانەوە کە دیسان هەر بە یاسا رێکخراوە، خانەنشین بکرێن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بە پلەی مەدەنی خانەنشین کراون؟

لە بەرامبەر ئەوەدا دۆسیەی خانەنشین کردنی کەسانێکی تر بە پلەی بەرزی سەربازی هەیە، کە نەك هەر پێوەندییەکیان بە بواری سەربازییەوە نەبووە، بەڵکو لە هەندێك بواری وەك راگەیاندن یان بواری هونەریدا کار دەکەن، لەناویاندا دۆسیەی خانەنشین کردنی 404 ژن بە پلەی بەرزی سەربازییەوە کە لەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان حیساب دەکرێن.

چەندین بڕیار و نووسراوی فەرمی، ئاماژە بە لێشاو خانەنشین کردن بە پلەی تایبەت دەدەن. بە نووسراوی ژمارە (1624)ی رێککەوتی 18ی حوزەیرانی 2009 سەرۆکی حکومەت بە بڕیارێك ئیمزای لەسەر خانەنشین کردنی 253 کەس بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کردووە، لەکاتێکدا چەندین نووسراوی فەرمی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە تایبەت بە مووچە و خانەنشینی

دەرکراون، دەیسلەمێنن لە ساڵانێکی زووەوە، کەسانێکی زۆر بە ناشایستە و بەبێ ئەوەی لە ئەرکدا بن، مووچە وەردەگرن.

ڕێنمایی دارایی ژمارە (28)ی ڕێککەوتی 28ی تەمووزی 2008 کە تایبەت کراوە بە زیاد کردنی دەرماڵەی چەند پلەیەکی تایبەت وەك بریکاری وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکاران، لەهەمان نووسراودا دووپات لەوە کراوەتەوە کە ئەو ڕێنماییە تەنیا ئەو پلە تایبەتانە دەگرێتەوە کە بە فعلی دەوام دەکەن، ئەوەش وەك ئاماژەیەك بەو کەسانەی مووچە لە پلەی بریکاری وەزیر یان بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار وەردەگرن و هیچ ئەرکێکیش لە دەوڵەتدا جێبەجێ ناکەن.

لەپاڵ ئەوەشدا ڕێنمایی دارایی ژمارە (5)ی وەزارەتی دارایی کە لە 21ی نیسانی 2010 دەرکراوە، لە خستنەڕووی ڕێنمایی نوێ بۆ دیاریکردنی مووچەی خانەنشینی وەزیر و بریکاری وەزیر و ئەوانەی لەو پلەیە دێن، دووپات لەوە دەکاتەوە کە ڕێنماییەکە، ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بە پلەی بەرزتر خانەنشین کراون و هاوکات ئەوانەش ناگرێتەوە کە ئەو پۆستانەیان بە فعلی وەرنەگرتووە، بەڵام بە پلەکانی وەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار خانەنشین کراون، جێگەی پرسیارە، ئەوان چۆن بە پلەی وەزیر و بریکاری وەزیر و پلە تایبەتەکانی تر خانەنشین کراون، لەکاتێکدا ئەو پۆستانەیان نەبووە، یان ئەوە چۆن پلەی بەشێکیان بەرز کراوەتەوە و پلەی ئەوانی تر بەرز نەکراوەتەوە؟

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، کەسانێکی زۆر بەبێ ئەوەی مەرجەکانی خانەنشین کردنیان تێدا بێت، خراونەتە لیستی خانەنشینانی گرووپە جیاجیاکانەوە، لەناویاندا لیستی خانەنشینی پێشمەرگە دێرینەکان، کە ژمارەیان بە 100 هەزار خانەنشین دادەنرێت، بەڵام بەرپرسانی خودی پێشمەرگە دێرینەکان دووپات لەوە دەکەنەوە کە ژمارەی پێشمەرگە دێرینە ڕاستەقینەکان بە هەموو لایەنەکانەوە لە 25 هەزار پێشمەرگەی دێرین تێپەڕ ناکات.

لەناو خانەنشینانی سەربازیدا، زۆرترین کێشە و ناڕوونی هەیە، هەندێك لە سەرچاوەکانی نزیك لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەدەن کە 160 هەزار کەس بە پلەی جیاجیای سەربازی

خانەنشین کراون، کە 100 هەزار لەوان هی یەك حزب و 60 هەزارەکەی تر هی حزبەکانی ترن، بەڵام زۆرینەی رەهای ئەوان شایستەی خانەنشینی نین.

## ئەنجام و راسپاردەکان:

1-خاوەندارێتی حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی، لە بەرنامە و سیاسەتێکی روون و تۆکمەی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا، بەشێوەیەك کە دادپەروەری لە مووچە بەدی بێنێت و پێوەرێکی گونجاو لە دیاریکردنی بەرزترین و نزمترین ئاستی مووچەدا رەچاو بکات.

2-دەرکردنی یاسایەکی نوێی خانەنشینی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستاندا و بە سوودوەرگرتن لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق لە ساڵی 2014دا.

3- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری خانەنشینی ئەو کەسانەی هیچ وەزیفەیەکی سەربازی و مەدەنیان نەبینیوە.

4- هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی ئەو کەسانەی بە پلەی بەرزتر لە وەزیفەکانیان خانەنشین کراون.

5- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری خانەنشینی ئەو کەسانەی بە پلەی تایبەتی مەدەنی خانەنشین کراون بە پاساوی شۆڕشگێڕییان، پاش لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانیان، ئەگەر شایستە بوون بەپێی یاسا بەرکارەکانی مووچە و راژەی پێشمەرگە، خانەنشین بکرێنەوە.

6-هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری خانەنشینی ئەو کەسانەی هیچ وەزیفەیەکیان نەبینیوە و بە پلەی بەرزی سەربازی خانەنشین کراون.

7-پێکهێنانی سندووقی خانەنشینی مەدەنی و سەربازی لە هەرێمی کوردستاندا.

8–دەرهێنانی داهاتی سندووقەکانی خانەنشینی لەژێر رکێفی وەزارەتی دارایی و ئابووری یان حکوومەتی هەرێم، مەگەر بەپێی یاسا، حکوومەت رێژەیەکی دیاریکراو لە پارەی سندووقی خانەنشینی بە قەرز وەربگرێت و پاشان بە خستنە سەری سوود یان قازانجەوە بیگێڕێتەوە.

## پاشکۆی بەڵگەنامەکان:

| | |
|---|---|
| ...distan Region<br>Presidency Council of Ministers<br>Ministry of Finance<br>General Directorate of Finance | ...ی کوردستان<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی دارایی<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی<br>ژمێرکاری/ دیراسات و لێکۆڵینەوە |
| ڕێکەوت: ٢٧ / ٨ / ٢٠٠٨ | ژمارە: ١٨٢٤٨ / ١٤ / ٩ |

**ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٣٧ )**

**بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**ب/ مووچەی خانەنشینی**

پاڵپشت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ٦٩٤٣ لە ٢٠٠٨/٦/٢٤ و ئاماژە بە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراقی فیدراڵ ژمارە (٢٧) ی ساڵی ٢٠٠٦/ ی هەموارکراو بۆ دیاری کردنی مووچەی خانەنشینی بڕیارماندا بەم شێوەیەی خوارەوە بێت و پێتان ڕادەگەیەنین کەوا ئەم یاسا و ڕێنماییە تایبەتە تەنها بە فەرمانبەرانی پلە (١) و بەرەوخوارەوە :-

**یەکەم** // دەبێت فەرمانبەر بەپێ ی یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە خانەنشین بکرێت :-

أ - لە کاتی تەواوکردنی تەمەنی (٦٣) شەست و سێ ساڵ ، کە تەمەنی یاسایی یە بۆ خانەنشین کردن بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەی خزمەتی ئەگەر هیچ یاسایەکی تر ڕێگرنەبێت بۆ ئەو مەبەستە .

ب - ئەگەر لێژنەی پزیشکی فەرمی تایبەت بڕیاری دا کە فەرمانبەر توانای کارکردنی نەماوە .

**دووەم** // فەرمانبەر بۆی هەیە داوای خانەنشینی بکات ئەگەر تەمەنی (٥٠) پەنجا ساڵ و زیاتری تەواو کردبێت یان لە (٢٥) بیست و پێنج ساڵ خزمەتی خانەنشینی کەمتر نەبێت .

**سێ هەم** // أ - ئەو فەرمانبەرەی کە خانەنشین دەکرێت شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت ئەگەر ڕاژەی خانەنشینی لە (١٥) پانزە ساڵ کەمتر نەبێت وە تەمەنی لە (٥٠) پەنجا ساڵ کەمتر نەبێت .

ب - ئەگەر فەرمانبەر لەکاتی خزمەتی وەزیفیدا کۆچی دوایی کرد ڕاژەی خانەنشینیەکەی ئەژمار دەکرێت بە (١٥) پانزە ساڵ ئەگەر لەوە کەمتربێت و ماوەی ئەژمار کراوەکە دەبەخشرێت لە بڕینی ڕاگیراوەکانی خانەنشینی (التوقيفات التقاعدية) .

ج - ڕاژەی خانەنشینی فەرمانبەر دەگەیەنرێتە (١٥) پانزە ساڵ ئەگەر ڕاژەکەی لەوە کەمتربو و ئەو ماوەیەی کە بۆی ئەژماردەکرێت دەبەخشرێت لە لێبرینی بەشی ڕاگیراوەکانی خانەنشینی (التوقيفات التقاعدية) ئەگەر بە ڕاپۆرتی پزیشکی بوو .




Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phon: ٢٥٢٨٢٥٤ - ٢٥٤٢٠١١

٢٠٠٨/٨/١٣ مهام
Email: gd_finance@yahoo.com

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٤٢٠١١ - ٢٥٢٨٢٥٤

**چوارەم //**

أ - مووچەی خانەنشینی فەرمانبەر لەسەر بنەمای ڕێژەیەکی کەڵەکەبوو ئەژمار دەکرێت بە بڕی (٢،٥٪) لە تێکرای مووچەی وەزیفی لە خزمەتی خانەنشینی کۆتایی بۆ هەر ساڵێکی خزمەت کردنی خانەنشینی لەم حاڵەتانەی خوارەوە دا : -

١- ئەگەر تەمەنی فەرمانبەر لەکاتی خانەنشین کردنیدا لە (٦٠) شەست ساڵ کەمتر نەبو و ڕاژەی خانەنشینی هەبوو لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت .

٢- ئەگەر تەمەنی فەرمانبەر لەکاتی خانەنشین کردنیدا لە (٥٥) پەنجا و پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و ڕاژەی خانەنشینی لە (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێت .

٣- ئەگەر فەرمانبەر بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەت خانەنشین بکرێت .

٤- ئەگەر فەرمانبەر لەکاتی خزمەتدا کۆچی دوایی بکات .

٥- ئەگەر تەمەنی کارمەندانی هێزەکانی سەربازی و هێزەکانی ئاسایش لە بەرواری خانەنشین کردنیاندا لە (٥٠) پەنجا ساڵ کەمتر نەبێت لە بواری (سەربازی و هێزەکانی ئاسایش دا) .

ب - ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی لەسەر بنەمای ڕێژەیەکی کەڵەکەبوو دەبێت بە بڕی (٢٪) لە تێکرای مووچەی وەزیفی بۆ هەر ساڵێکی خزمەت بۆ ئەو حاڵەتانەی کە لە بڕگەکانی سەرەوە ئاماژەی بۆ نەکراوە .

ج - مەبەست لە ئەژمار کردنی تێکرای مووچەی وەزیفی فەرمانبەر لە کاتی دیاری کردنی مووچەی خانەنشینیدا ئەمانەی خوارەوەیە : -

١- دوایین مووچە کە فەرمانبەر وەریگرتووە لە ڕاژەی خانەنشینی ئەگەر بەرواری دەست لەکار هەڵگرتنی لە ڕاژە بکەوێتە پێش ساڵی ٢٠٠٨/ .

٢- تێکرای مووچەی فەرمانبەر لە (١٢) مانگی دوایین لە ڕاژەی خانەنشینی فەرمانبەر ئەگەر هاتوو بەرواری دەست لەکار هەڵگرتنی لە ڕاژە پێش ساڵی/٢٠١٠ بێت .

٣- تێکرای مووچەی (١٢) دوانزە مانگ بۆ هەر ساڵێکی ڕاژەی فەرمانبەر لە سەرەتایی ساڵی (٢٠١٠) دەوە دەخرێتە سەر تێکرای مووچەی فەرمانبەر کە لە خاڵی (٢) ی سەرەوە دیاری کراوە ، بە مەرجێك یەکسان بکرێت لەگەڵ ڕێژەی زیادکراوی تێکرای مووچە .

٤- ئەو ڕاژەو مووچانە لەبەرچاو ناگیرێن ئەگەر هاتوو لە مووچەی تەواو کەمتر بێت بۆ مەبەستی ئەژمار کردنی تێکرای مووچەی فەرمانبەران .

**پێنجەم //**

١- مووچەی خانەنشینی خەرج ناکرێت بۆ خانەنشینکراو ئەگەر تەمەنی (٥٠) پەنجا ساڵی تەواو نەکردبێت وە لە هیچ حاڵەتێکدا مووچەی خانەنشینی خەرج ناکرێت بۆ ئەو ماوەیەی پێش بەرواری تەواو کردنی تەمەنی (٥٠) پەنجا ساڵی .

٢. ئەگەر هاتوو فەرمانبەری (مستقیل) بە ڕەزامەندی ئاسایی ، یان خانەنشینکراو کۆچی دوایی کرد دوای دابرانی لە راژە و راژەی خانەنشینی لە (١٥) پانزە ساڵ کەمتر نەبێت مووچەی خانەنشینی خەرج دەکرێت بۆ شایستەبووەکانی لە بەرواری کۆچی دوایی کردنیەوە ئەگەر پێش تەواو کردنی تەمەنی (٥٠) ساڵی بوو .

٣. ئەوانەی کە خانەنشین کراون بە هۆکاری تەندروستی و هەروەها خانەنشین کراوەکان لە ماوەی (٢٠٠٦/١/١٧) تا دەرچوونی یاسای خانەنشینی ژمارە /٢٧ ی ساڵی / ٢٠٠٦ ی هەموار کراو بەدەردەکرێن لە ئەحکامی خاڵی (١)ی سەرەوە و مووچەی خانەنشینیان بەپێ ی یاساکە بۆ خەرج دەکرێت .

**شەشەم** // ماوەی راژە کە لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت بە ساڵی تەواو ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستەکانی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی ، و ئەگەر هاتوو لە (٦) شەش مانگ کەمتر بێت پشت گوێ دەخرێت و لە هەموو حاڵەتێکدا تەواوکەری ساڵ ئەژمار ناکرێت بۆ مەبەستەکانی شایستەبوونی مووچەی خانەنشینی .

**حەفتەم** // نابێت مووچەی خانەنشینی لە رێژەی (٨٠٪) ی دوایین مووچەی وەزیفی کە فەرمانبەر وەریگرتووە زیاتر بێت .

**هەشتەم** // نابێت مووچەی خانەنشینی فەرمانبەر کە حوکمەکانی یاسای ناوبراو لەسەرەوە دەیگرێتەوە لە (١٥٠ ٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر بێت .

**نۆهەم** // مووچەی خانەنشینکراو لە (٢٠٠٦/١/١٧) ەوە بەپێ ی حوکمەکانی بڕگەکانی سەرەوە ئەژمار دەکرێت بە مەرجێك لەو مووچەیە کەمتر نەبێت کە پێش دەرچوونی ئەم هەموارکردنە وەریگرتووە .

**دەیەم** // ١. پاداشتی خانەنشینی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە خانەنشین دەکرێن خەرج دەکرێت کە راژەکانیان لە (١٥) ساڵ کەمترە .

٢ـ پاداشتی خانەنشینی ئامازە بۆ کراوی خاڵی (١) ی ئەم بڕگەیە ئەژمار دەکرێت بەم شێوەیە :ـ

ژمارەی تەواوی مانگەکانی خزمەت × (١٤٪) ی تێکرای مووچەی فەرمانبەر لە ماوەی راژەکەی دا = بڕی پاداشتی شایستە .

**یانزەهەم // خانەنشینی خێزان :ـ**

١ـ ئەگەر فەرمانبەر بە هەر هۆیەك کۆچی دوایی بکات لە کاتی راژەدا ، راژەی (١٥) پانزە ساڵ بۆ مەبەستی خانەنشینی بۆی ئەژمار دەکرێت ئەگەر راژەکەی لەو ماوەیەش کەمتر بێت .

٢. ئەگەر فەرمانبەر یان فەرمانبەری خانەنشین کراو کۆچی دوایی بکات بۆ وەچەکانی (خلفە) هەیە ئەوانەی کە شایستەی مووچەی خانەنشینین داوای تەرخانکردنی مافەکانی خانەنشینی شایستەی فەرمانبەر یان خانەنشینکراوی کۆچ کردوو بکەن لە بەرواری مردنیەوە بەپێ ی یاسای ناوبراو .

**دوانزەهەم //**

١. میراتگرەکانی کۆچکردوو کە شایستەی مووچەی خانەنشینین :-

أ - ژن یان ژنەکان .

ب - کوڕ

ج - کچ

د - دایك

هـ - باوك

و - خوشك و برا ئەگەر کۆچکردوو سەڵت بێت و باوك و دایکی پێش خۆی مردبن .

٢. میراتگر شیاوی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی دەبێت ئەگەر مووچەی خزمەتی وەزیفی یان مووچەی خانەنشینی وەرنەگرێت یان ئیش و کاری نەبێت لە کەرتی تایبەت بەم مەرجانەی خوارەوە :-

أ - کور یان کچ یان برا یان خوشك کە ناکام بن و تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت یان تەمەنی (٢٢) ساڵ بێت و بەردەوام بێت لەسەر خوێندنی ئامادەیی یان ئەوانەی تەمەنیان (٢٦) ساڵە بەردەوامن لەسەر خوێندنی زانکۆ و پەیمانگا باڵاکان .

ب - (ژن یان کچ یان خوشك) لە ئەستۆی پیاو دانەبن یان هاوسەریان نەبێت .

ج - (مێرد و باوك) ئەگەر بێ دەرامەت و پەککەوتەی تەواو و هەمیشەیی بن لەکار بەپێ ی راپۆرتی لێژنەی پزیشکی لە بەرواری کۆچی دوایی بەخێوکەرەکانیان کە داوای مووچەی خانەنشینی خێزانداری لەسەر دەکەن و هەروەها ئەوانەی تەمەنی (٦٣) شەست و سێ ساڵیان تەواو کردووە بە پەك کەوتە دادەنرێن .

د - (دایك) ئەگەر هیچ داهاتێکی تایبەتی نەبێت .

هـ - (کچ یان خوشك) ئەگەر هیچ بەخێوکەرێکی شەرعیان نەبێت .

٣. خەرج کردنی خانەنشینی میراتگر بەردەوام دەبێت بۆ کوڕ و کچ دوای تەواو بوونی کاتی بڕینی مووچەی خانەنشینی بەم شێوەیەی خوارەوە :-

أ - بۆ (کوڕ) ئەگەر بەخێوکەری یاساییان نەبێت و پەککەوتەبن پەککەوتەی تەواو و هەمیشەیی لەکار بەپێ ی راپۆرتی پزیشکی و بە مەرجێك دوای پێنج ساڵ پشکنینیان بۆ بکرێتەوە لەلایەن لێژنەی پزیشکی یەوە و مووچەی خانەنشینیەکەی دەبڕدرێت ئەگەر داهاتێکی تایبەتی دەست کەوت ، و پەککەوتن کاری پێ ناکرێت دوای تەمەنی (٥٠) ساڵی بۆ مەبەستی شایستە بوونی بە مووچەی خانەنشینی خێزان .

ب - بۆ (کچ) ئەگەر شووی نەکردبێت و داهاتی تایبەتی یان بەخێوکەری یاسایی نەبێت ، بە مەرجێك باری کۆمەڵایەتی و دارایی هەڵبسەنگێنرێتەوە لە کاتی گەیشتنی بە تەمەنی (٣٥) ساڵی و تەمەنی (٤٥) ساڵی .

٤. مووچەی خانەنشینی دەبڕدرێت (ژن یا کچ یا خوشك) لە کاتی دامەزراندنیان یان ئەگەر بوو بە خاوەنی داهاتێکی تایبەتی یان لە کاتی شووکردنیان و ئەو مووچەیە دەگەڕێتەوە بۆ (ژن یان کچ) لە کاتی جیابوونەوە (طلاق) یان بێوە ژنبونیاندا بە ڕەچاوکردنی هەبوونی مەرجەکانی شایستەبوون کە لە خاڵەکانی سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە .

**سیانزەهەم** // مووچەی خانەنشینی خێزان دەبڕدرێت لە شایستەبوو لە کاتی دامەزراندنی لە وەزیفەیەکی خانەنشینی ئەگەر شایستەی مووچەی خانەنشینی بێت لەسەر ئەو وەزیفەیە یان شایستە نەبێت .

**چواردەهەم** // شایستەبوو بۆی نیە زیاتر لە یەك بەشی خانەنشینی وەربگرێت و ئەگەر شایستەی زیاتر بوو لە زیاتر لە بەخێوکەرێك بۆی هەیە کە بڕە زیادەکە هەڵبژێرێت و تەنها بۆ یەك جار ، جگە لە (ناکام) کە بەدەردەکرێت لەوە و شایستەی بەشی خانەنشینی یە لە دایك و باوکیەوە .

**پانزەهەم** //

١. لە کاتی کۆچ کردنی فەرمانبەر یان خانەنشین کراو مووچەی خانەنشینی دابەش دەکرێت بەسەر شایستە بووەکانی لە بەجێماوەکانیان و بە ڕێژەی (٦٠٪) ئەگەر یەك شایستە بوو هەبوو، و بەڕێژەی (٧٥٪) ئەگەر دوان بوون و بە یەکسانی دابەش دەکرێت بە سەریاندا ، و بە ڕێژەی (١٠٠٪) ئەگەر سیان یان زیاتر بوون و بە یەکسانی دابەش دەکرێت بەسەریاندا .

٢. مووچەی خانەنشینی شایستە بوان لە بە جێماوەکان سەر لە نوێ بەپێ ی ڕێژەکانی خاڵی (١) ی ئەم بڕگەیە دابەش دەکرێتەوە ئەگەر مووچەی خانەنشینی خێزانی یەکێکیان ببڕدرێت بە مەرجێك کۆی مووچەی خانەنشینی خێزانی خانەوادە لە (١٣٠ ٠٠٠) سەد و سی هەزار دینار کەمتر نەبێت ئەگەر یەك شایستەش بمێنێتەوە .

٣. ئەگەر یەکێك لە بەجێماوەکانی خانەنشین بوو خانەنشینکراوبوو لەو کاتەدا بۆی هەیە و بۆ یەك جار هەڵبژاردن بکات لە نێوان مووچەی خانەنشینی یەکەی خۆی یان وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی خێزانی گەزیاتر بێت و شایستەیەتی بەپێ ی بڕگەکانی یاسای ناوبراو لەسەرەوە .

## شازەهەم // حوکمە جۆراوجۆرەکان :ـ

١. نابێت تنازل لە مافی خانەنشینی بکرێت بۆ کەسێك یان لایەنێك و هەر تنازلێك بەو شێوەیە پوچەڵ دەکرێتەوە و کاری پێ ناکرێت .

٢. مووچەی خانەنشینی و پاداشتی خانەنشینی دەستی بە سەردا ناگیرێت لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی قەرز بەسەر ئەستۆی خانەنشینەوە تەنها لە یەك لەم حاڵەتانەی خوارەوە :ـ

أ ـ بە هۆی نەفەقەی شرعی .

ب ـ ئەگەر قەرزەکە تایبەت بوو بە گەنجینەی حکومەت .

٣. نابێت زیاتر لە رێژەی (٥٠٪) ی مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی دەستی بەسەردا بگیرێت بە هەر هۆیەك بێت .

٤ـ خانەنشین دوای وەرگرتنی پاداشتی خانەنشینی هیچ مافی ئەوەی نی یە راژەی خانەنشین بخاتە سەر خزمەتەکەی و مافەکەی دەفەوتێت ، تەنها ئەگەر دووبارە دابمەزرێتەوە لە یەکێك لە فەرمانگەکانی حکومەت .

٥. ئەو فەرمانبەرەی کە دا دەمەزرێت یان دووبارە دادەمەزرێتەوە ئەگەر هەر راژەیەکی کۆنی پێش دەرچوونی ئەم یاسایەیان بۆ ئەژمار کردبێت بۆ سەر وەزیفەکەی ، دەبێت بەپێ ی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە و لەسەر بنەمای مووچەکەی لەکاتی دامەزراندنیدا لێبرینی خانەنشینی (توقیفات تقاعدیة) لێ وەربگیرێت بۆ ئەو ماوەیە .

٦. أ ـ مووچەی ئەو خانەنشینانەی کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە دیاری کراوە هەروەکو ئەو مووچەیە دەبێت کە لە خشتەی هاوپێچی ئەم رێنماییە هاتووە لە بەرواری ١/١/٢٠٠٨ وە بەبێ دەست کاری کردن لە مافە وەرگیراوەکانی پێشوویان .

ب ـ مووچەی خانەنشینان ئەژمار دەکرێت بۆ ئەوانەی کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە واتا ئەوانەی کە لە بەرواری ١٧/١/٢٠٠٦ وە خانەنشین کراون لەسەر بنەمای مووچەی وەزیفی هەموار کراو لە ١/١/٢٠٠٧ وە و جیاوازییەکانی خەرج دەکرێت لە بەرواری ١/١/٢٠٠٨ وە .

٧. رێژەی (٧٪) لە مووچەی فەرمانبەر دەبردرێت بۆ راگیراوەکانی خانەنشینی بۆ ماوەی راژەی خانەنشینی .

٨. بۆ ئەژمار کردنی راژە جۆراوجۆرەکان کار دەکرێت بەو بریارانەی کە تایبەتە بە ئەژمارکردنیان پاش برینی راگیراوەکانی خانەنشینی بە رێژەی (٧٪) بە پێ ی ئەو مووچە یەی کە وەری دەگرێت لە کاتی داواکردنیدا بۆ ئەژمار کردنی ئەو راژەیە .

٩ـ مافەکانی خانەنشینی خانەنشینکراو یان شایستەبوو کە مەرجەکانی شایستەبوونی لە دەست نەدابێت نافەوتێ ئەگەر نەمردبێت لەگەڵ رەچاوکردنی ئەحکامی یاسای خانەنشینی هاتوو لە سەرەوە .

١٠ـ ئەگەر هاتوو خانەنشین یاخود بریکارەکەی دوای سالێك لە دەستی هەلگرتنی لە وەزیفە بە هۆی خانەنشیکردنی مووچەی خانەنشینی [illegible] تبێت ئەو کات مووچەی خانەنشینی بۆ خەرج دەکرێت لە بەرواری داواکردنی جگە لە حالەتی هەبوونی پاساوێکی یاسایی و ناکام و ئەوانەی لە حوکمی ئەواندان بە دەردەکرێن واتە لە بەرواری شایستە بوونیانەوە بۆیان خەرج دەکرێت .

١١ـ ئەم یاسایە لە بەرواری ٢٠٠٨/٨/١ ەوە جێ بەجێ دەکرێت و ڕاستکردنەوەی مووچە دەکرێت بۆ خانەنشینەکان ، و ئەوانەی مووچەکانیان دادەبەزێت بەپێ ی برگەکانی ئەم یاسایە و لە ئەنجام دا پارەیان دەکەوێتە ئەستۆ دەبەخشرێن لە گێرانەوەی ئەو پارەیە تاکو ٢٠٠٨/٧/٣١ ، و ئەوانەی کە شایستەی جیاوازی دەبن بۆیان خەرج دەکرێت بە یەك جار لە ٢٠٠٨/١/١ تاکو ٢٠٠٨/٧/٣١ .

١٢ـ تکایە لە کاتی هەبوونی هەر ڕاپرسی و نادیاریەك لە برگەکانی ئەم ڕێنماییمان نووسراوەکانتان ئاراستەی وەزارەتمان ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی / دیراسات و لێکۆلینەوە بکەن بە مەبەستی هاوکاری کردنتان وجێ بەجێ کردنی کاری پێویست بە هەماهەنگی کردن لەگەل بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینەوە .

١٣ـ کار بە هیچ بریارو ڕێنماییەکی پێشوو ناکرێت و برگەکانی ئەم ڕێنماییە بە تەواوی جێ بەجێ دەکرێت.. بۆ کار پێ کردنی ... لەگەل ڕێزدا .

<u>هاوپێچ/</u>

خشتە .

**سەرکیس ئاغاجان مامندۆ**
**وەزیری دارایی**

**بابیز سعید محمد**
**وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری**

<u>**وێنەیەك بۆ/**</u>

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ ف٠ك کارگێری و دارایی/ بۆ زانین .. لەگەل ڕێزدا .
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی / ئاماژە بە کۆبوونەوەکانی لیژنەی هاوبەش بۆ ئاگاداریتان ... لەگەل ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین .. لەگەل ڕێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی .. تکایە .
- بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست .. تکایە.
- بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی (                ) بۆ زانین و کاری پێویست .. تکایە.
- خەرجییەکان / چاودێری و پشکنینی دارایی / خۆیەتی / ژمێریاری / میلاکات .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆلینەوە .
- دۆسیەی سوراو .

Kurdistan Region
presidency Council of Ministers
Ministry of Finance
General Directorate of Finance

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
ژمێرکاری/ دیراسات و لێکۆڵینەوە

ژمارە: ٩/١٤/٢٨٦٣٧
ڕێکەوت: ٢/ ١٠/ ٢٠٠٨

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٥٦ )

### بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

### ب/ مووچەی خانەنشینی

بە مەبەستی دیاری کردنی مووچەی خانەنشینی بەڕێزان ( ئەندامانی پەرلەمان ، ئەنجومەنی دادوەری ، پلە تایبەتیەکان ، فەرمانبەرانی راژەی زانکۆیی ) بڕیاردرا بەم شێوەی خوارەوە بێت :-

١- دیاری کردنی مووچەی خانەنشینی بەڕێزان (سەرۆك و جێگر و سکرتێر و ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ) بەپێ ی یاسای ژمارە (١٢) ی سالی /٢٠٠٨ ی هەموارکراو لەسەر یاسای ژمارە (١٣) ی سالی / ١٩٩٩ بە ڕێژەی (٨٠٪)ی مووچە و دەرماڵەی مانگانەی هاوەڵەکانیان کە بەردەوامن لە ئەنجومەن ، هەروەها دوای کۆچی دوایشی پاشماوەی (میراتگری) شایستەی هەمان ڕێژە دەبن و ئەم ڕێنماییە ئەوانەش دەگرێتەوە کە پێشتر خانەنشین کراون لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ، و لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ەوە جێ بەجێ دەکرێت .

٢- دیاری کردنی مووچەی خانەنشینی (وەزیرە بەڕێزەکان) بە ڕێژەی (٧٥٪) ی مووچە و دەرماڵە وەك هاوشێوەی ئەو وەزیرانەی بەردەوامن لە خزمەت و لە بەرواری ٢٠٠٩/١/١ کاری پێ بکرێت .

٣- دیاری کردنی مووچەی خانەنشینی پلە تایبەتەکان جگە لە (وەزیر) کە تاکو بەرواری ٢٠٠٤/٨/٧ خانەنشین کراون بەپێ ی خشتەی هاوپێچی یاسای ژمارە (٢٧) ی سالی /٢٠٠٦ ی هەموارکراو دەبێت جگە لەو حاڵەتانە نەبێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە مووچەکانیان هەموار کراوە .

٤- دیاری کردنی مووچەی خانەنشینی پلە تایبەتەکان جگە لە (وەزیر) کە لە بەرواری ٢٠٠٤/٨/٨ەوە خانەنشین کراون بەپێ ی یاسای ژمارە (٣٦) ی سالی /٢٠٠٤ ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەبێت تاکو بەرواری ٢٠٠٦/١/١٦ کە کاتی خۆی بۆیان دیاری کراوە .

٥- مووچەی پلە تایبەتەکان جگە لە (وەزیر) کە لە بەرواری ٢٠٠٦/١/١٧ەوە خانەنشین کراون بە ڕێژەی (٨٠٪) ی مووچە و دەرماڵە دەبێت و بە بەردەوامی بەو ڕێژەیە دەبێت .

٦- پلە تایبەتەکان لەکاتی شەهیدبوون ، کۆچ کردن یان تووش بوون بە کەم ئەندامی بە هەر هۆیەك بێت مووچەی خانەنشینی بە ڕێژەی (٨٠٪) ی مووچە و دەرماڵەیان بۆ خەرج دەکرێت بەپێ ی فەرمانی ژمارە (١٧) ی سالی/ ٢٠٠٤ کە لە ماددەی (٣١) ی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٢٧) ی سالی /٢٠٠٦ بە دەرکراوە لە هەڵوەشاندنەوە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١ەوە کاری پێدەکرێت .

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٤٢٠١١-٢٥٢٨٢٥٤
Hawler/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phon: 2528254 - 2542011
Email: gd_finance@yahoo.com

٧- دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی کە بە هۆی تەواو بوونی تەمەنی یاسایی یان لەبەر هۆیەکانی تەندروستی خانەنشین دەکرێن بە رێژەی (٨٠٪)ی مووچە و دەرماڵەکانیان کە وەریان دەگرت مووچەی خانەنشینیان بۆ دیاری دەکرێت بەپێ ی یاسای دادوەران ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٨/ ، و لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ جێ بەجێ دەکرێت و ئەوانەی کە پێشتر خانەنشین کراون مووچەی خانەنشینیان وەك خۆی دەمێنێتەوە .

٨- ئەندامانی دەستەی وانەبێژی (اعضاء الهيئة التدريسية) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (پروفیسۆر / پروفیسۆری یاریدەدەر / مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر) خانەنشین دەکرێن بە رێژەی (١٠٠٪) ی مووچە و دەرماڵەی ( خۆتەرخان کردنی زانکۆی ) ، و خانەنشین کراوانی پێشوش دەگرێتەوە وەك هاوەڵەکانیان کە بەردەوامن لە خزمەت بۆیان خەرج دەکرێت .

٩- کار بە هیچ بریار و رێنماییەکی پێشوو نەکرێت کە پێچەوانەی ئەم رێنماییە بێت .

بۆ کاریێ کردنی ... لەگەڵ رێزدا .

بایز سعید محمد
وەزیری دارایی بە وەکالەت

٢١ / ١٢ / ٢٠٠٨

**وێنەیەك بۆ/**

- ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان - عێراق / بۆ ئاگاداریتان .. لەگەڵ رێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ ف٠ك کارگێری و دارایی/ ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە / ١٣٤٩٥ لە ٢٠٠٨/١٢/١٥ دەربارەی برگەی /٢ ئەم رێنماییە /بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی / ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەش بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین .. لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی .. تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست .. تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر / دهۆك / زاخۆ / سۆران / ئاکرێ / بۆ زانین و کاری پێویست .. تکایە .
- خەرجییەکان / چاودێری و پشکنینی دارایی / خۆیەتی / ژمێریاری / میلاکات .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سوراو .

| | |
|---|---|
| **Kurdistan Region**<br>*presidency Council of Ministers*<br>*Ministry of Finance*<br>*General Directorate of Finance* | **هەرێمی کوردستان**<br>**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**<br>**وەزارەتــی دارایـــی**<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی<br>ژمێرکاری/ دیراسات و لێکۆڵینەوە |

ژمارە: ٩/ ١٤/ ٧٩٨٥ — ڕێکەوت: ٢٤/ ٤/ ٢٠٠٨

**ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە ( ١٠ )**

**بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**ب/ مووچەی ڕاوێژکاران**

پاڵپشت بـە فـەرمانی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران بـە نووسـراوی ژمـارە / ٢٢٥٢ لـە ٢٠٠٨/٤/١

بڕیاردرا بە :-

پێدانی مووچە بە بڕی (٢ ٢٤٩ ٠٠٠) دوو ملیۆن و دووسەد و چل و نۆ هەزار دینار بـە ڕاوێـژکاران و لـە بـەرواری ٢٠٠٨/٣/١ەوە جێ بەجێ بکرێت .. بۆ کار پێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**سەرکیس ئاغاجان مامندۆ**
**وەزیری دارایی**

**وێنەیەک بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـــران / سەرۆکایـــەتی دیوان/ ف.ك کارگێـــری و دارایی/ب . ژمێریـــاری/ بـــۆ زانین .. لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین .. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر / دهۆك /ئاکرێ /سۆران /زاخۆ/بۆ کاری پێویست .. تکایە .
- خەرجییەکان / چاودێری و پشکنینی دارایی / خۆیەتی / ژمێریاری / میلاکات .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سوراو .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phon: 2528254 - 2542011
٢٠٠٨/٤/٦ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٢٨٢٥٤-٢٥٤٢٠١١

Kurdistan Region
presidency Council of Ministers
Ministry of Finance
General Directorate of Finance

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتـــی دارایـــی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
ژمێرکاری/ دیراسات و لێکۆڵینەوە

ژمارە: ١٦٦٦٥/١٤/٩ ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٧/٢٨

**ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە ( ٢٨ )**

**بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**ب/ بڕیار**

ئامـاژە بـە بڕیـاری سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران بـە نووسـراوی نهێنـی ژمـارە / ٢١٣٩ لـە ٢٠٠٨/٧/٢٢ بڕیاردرا بە زیاد کردنی دەرماڵەی پلە تایبەتیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە :ـ

١ـ دەرماڵـەی بریکـاری وەزارەت و ئەوانـەی لـەو پلەیـەن لـە (٢ ٠٠٠ ٠٠٠) دوو ملیـۆن دینـار بـۆ (٣ ٠٠٠ ٠٠٠) سـێ ملیۆن دینار .

٢. دەرماڵەی ڕاوێژکار و ئەوانەی لەوپلەیەن لە (١ ٠٠٠ ٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ (١ ٥٠٠ ٠٠٠) یـەك ملیۆن و پێنـج سەد هەزار دینار .

٣. دەرماڵەی بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەن لە (٥٠٠ ٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینـار بـۆ (١ ٠٠٠ ٠٠٠) یـەك ملیۆن دینار .

٤ـ ئـەو دەرماڵانـەی سـەرەوە تـەنها ئەوانـە دەگرێتـەوە کـە بـە فیعلی دەوام دەکـەن لـە دام و دەزگاکـان حکومـەتی هەرێم .

٥. ئەو دەرماڵانە لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ەوە خەرج دەکرێت .. بۆ کار پێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**سەرکیس ئاغاجان مامندۆ**
**وەزیری دارایی**

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـــران / سکرتاریەتی ئەنجومەن / بـۆ ئاگاداریتان .. لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین .. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر / دهۆك /ئاکرێ /سۆران /زاخۆ/بۆ کاری پێویست .. تکایە .
- خەرجییەکان / چاودێری و پشکنینی دارایی / خۆیەتی / ژمێریاری / میلاکات .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سوراو .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: ٢٥٢٨٢٥٤ - ٢٥٤٢٠١١
٢٠٠٨/٧/٢٨ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٤٢٠١١ ، ٢٥٢٨٢٥٤

Kurdistan Region
presidency Council of Ministers
Ministry of Finance
General Directorate of Finance

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
ژمێرکاری/ دیراسات و لێکۆڵینەوە

ژمارە: ٩ / ١٢ / ٨١٥ ڕێکەوت: ٩ / ١ / ٢٠٠٩

**ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٢ )**

**بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**ب/ مووچەی خانەنشینی**

پاڵپشت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە / ٦٠ لە ٢٠٠٩/١/٨ کە تیایدا هاتووە ئەو فەرمانبەرە خانەنشینانەی کە لە دوای دەرچوونی بڕیاری جێ بەجێ کردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧) ی ساڵی /٢٠٠٦ ی هەموار کراوی عێراقی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان مووچەی خانەنشینیان کەم بۆتەوە بڕیاردرا بە :-

١- مووچەی خانەنشینیان وەك خۆی لێ بکرێتەوە .

٢- هیچ جیاوازییەك بۆیان سەرف ناکرێت .

بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست لە بەرواری ٢٠٠٩/١/١ ەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .

**بایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی بە وەکالەت**

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ ف.ك کارگێری و دارایی/ بۆ زانین .. لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین .. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی .. تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین / بۆ زانین و کاری پێویست.. تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر/دهۆك/ئاکرێ /سۆران /زاخۆ/بۆ زانین و کاری پێویست.. تکایە .
- خەرجییەکان / چاودێری و پشکنینی دارایی / خۆیەتی / ژمێریاری .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سوراو .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phon: 2528254 - 2542011

٢٠٠٩/١/١٤ سهام

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٢٨٢٥٤ - ٢٥٤٢٠١١

Kurdistan Region
presidency Council of Ministers
Ministry of Finance
General Directorate of Finance

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتــی دارایــــی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
ژمێرکاری/ دیراسات و لێکۆڵینەوە

ژمارە: ٩ /١٤ / ٩١ ... رێکەوت: ٤ / ٦ /٢٠٠٩

**ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١٨ )**

**بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**ب/ مووچەی خانەنشینی**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ١٢٨٦ لە ٢٠٠٩/٥/٢٠ .

مووچەی خانەنشینی وەزیر و ئەوانەی لە پلەی وەزیرن و بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکار بە پلەی بریکاری وەزارەت و ئەوانەی لەو پلەیەدان (واتا لە پلەی بریکاری وەزارەت) بە ڕێژەی (٨٠٪) ی مووچە و دەرماڵەیان دەبێت هاوشێوەی ئەوانەی بەردەوامن لە خزمەت جگە لە حاڵەتی لابردن و دوورخستنەوە لە کاری وەزیفی (العزل أو الفصل) هەروەها ئەوانە ناگرێتەوە کە دەستیان لەکار کێشاوەتەوە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان .. بۆ زانین و کارپێ کردنی لە بەرواری ٢٠٠٣/٤/٩ ەوە ...لەگەڵ ڕێزدا .

**بایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی**

**وێنەیەک بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ ف٠ك کارگێری و دارایی/ بۆ زانین .. لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین .. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی .. تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین / بۆ زانین و کاری پێویست .. تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر/دهۆك/ئاکرێ /سۆران /زاخۆ/بۆ زانین و کاری پێویست.. تکایە .
- خەرجییەکان / چاودێری و پشکنینی دارایی / خۆیەتی / ژمێریاری / میلاکات .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سوراو .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phon: 2528254 - 2542011
Email: gd finance@yahoo.com
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٢٨٢٥٤-٢٥٤٢٠١١

٢٠٠٩/٦/٨ سهام

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٥ )

## بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی ئەبەستراو بە وەزارەت

## ب/ مووچەی خانەنشینی

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ن /٧٩٨ لە ٢٠١٠/٤/٤ و دوا بە دوای ڕێنماییمان ژمارە (١٨) ی ساڵی /٢٠٠٩ بڕیاردرا بە :-

١- مووچەی خانەنشینی وەزیر و بریکاری وەزارەت و ئەوانەی لەو پلەیەدان و ڕاوێژکار و بەرێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان کە بە فیعلی ئەم پۆستانەیان هەبووە لە کوردستان و لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ ، مووچەی خانەنشینیان (٨٠٪) ی مووچە و دەرماڵەی هەمان پۆست دەبێت هاوشێوەی ئەوانەی کە بەردەوامن لە خزمەت .

٢- ئەم بڕیارە ئەو کەسانە ناگرێتەوە :-

أ - ئەوانەی بە پلەیەکی سەرەوە تر خانەنشین کراون .

ب - ئەوانەی کە ئەم پۆستانەیان بە فیعلی وەرنەگرتووە .

ج - ئەوانەی پێش ڕاپەرین خانەنشین کراون .

بۆ ئاگاداریتان و کاربێ کردنی لە بەرواری ٢٠١٠/٤/١ ەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .

**بایز سەعید محەمەد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێم / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان / ف ـ ك ـ کارگێری و دارایی/ بۆ زانین .. لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی دارایی وئابووری/ ب - گ - دارایی (س)/ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی لێژنەی هاوبەش لە ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٣١ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی ... تکایە .
- بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر/دهۆك/ئاکرێ/سۆران/زاخۆ/کۆیە/ بۆ زانین و کاری پێویست.. تکایە .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سوراو .

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
ژ/ دیراسات و لێکۆڵینەوە

Kurdistan Region Government - Iraq
*Ministry of Finance & Economy*
*General Directorate of Finance*

حکومة اقليم كوردستان - العراق
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المالية العامة
م/ الدراسات والابحاث

ژمارە: ١٣٩٤٧ ٤٤٩
ڕێکەوت/ ٢٧١١ کوردی
ڕێکەوت/ / ١ / ٢٠١٢ زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٣ )

## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەتەوە

## ب/ جیاوازی مووچەی خانەنشینان

پاڵپشت بە هەردوو نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ١٣٨١٧ لە ٢٠١١/١٢/١٣ و ١٤٧٧٥ لە ٢٠١١/١٢/٢٦ و دوا بە دوای ڕێنماییەکانی وەزارەتمان ژمارە (٣٥) ی ساڵی ٢٠١٠/ و (٨) ی ساڵی ٢٠١١/ تایبەت بە هەموارکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و بە مەبەستی هەموار کردنەوەی مووچەی خانەنشین بووان دوای ٢٠٠٤/١/١ تاکو ٢٠١٠/١٢/٣١ لە سنوری ئیدارەی سلێمانی بێنوو و قەرەبووکردنەوەی جیاوازی مووچەی وەزیفیان لە ٢٠٠٤/١/١ تا بەرواری خانەنشین بوونیان و دوای خانەنشین بوونیان تا بەرواری دەرچوونی ئەم ڕێنماییە ، تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن :-

١- هەموار کردنی مووچەی ئەو خانەنشین بووانەی دوای ٢٠٠٤/١/١ خانەنشین کراون تاکو ٢٠١٠/١٢/٣١ بە هەمان شێوەی فەرمانبەران لە سەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی وەزارەتمان ژمارە (٣٥) ی ساڵی ٢٠١٠/ و (١) ساڵی ٢٠١١/ و سەرجەم ئەو ڕوونکردنەوانەی لە لایەن وەزارەتمانەوە دەرچووە بۆ ئەو مەبەستە دەبێت .

٢- سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم بە نووسراوێک داوای دۆسیە و فایل ڕاژەی ئەو فەرمانبەرانە دەکەن کە لە دوای ٢٠٠٤/١/١ تا ٢٠١٠/١٢/٣١ ئیحالەیان کردوون بۆ خانەنشینی و خانەنشین کراون ، بە مەبەستی هەموارکردنی مووچەکانیان لە سەر دۆسیەکانیان و دەفتەری ڕاژە لە ٢٠٠٤/١/١ تا ئەو کاتەی خانەنشین بوون بە هەمان شێوەی فەرمانبەران و ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی میلاکات بە مەبەستی پەسەند کردنی .

٣- ئەژمار کردنی جیاوازی مووچەی هەموارکراو و مووچەی وەرگیراوی کاتی وەزیفە لە دوای ٢٠٠٤/١/١ تا بەرواری خانەنشین بوون و خەرج کردنی بە (١٢) قیستی مانگانە و بە پەیڕەوکردنی سەرجەم ڕێنماییە کارپێکراوەکان لە کاتی خەرج کردنی جیاوازی مووچەی فەرمانبەران و لە سەر بودجەی فەرمانگەکان .

٤- فەرمانگەکانی حکومەت دوای هەموارکردن و ئەژمارکردنی جیاوازی مووچەی خانەنشین بووان هەڵدەستێت بە ناردنەوەی دەفتەری ڕاژە و لیستی هەموارکراوی مووچەکانیان دوای پەسند کردن بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پەیوەندیدار .

٥- بەڕێوەبەرایەتی یەکانی خانەنشینی هەڵدەستن بە هەموارکردنی مووچەی خانەنشینی ئەو خانەنشین بووانەی لە سەر بنەمای مووچە هەموارکراوەکانیان کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی میلاکاتی وەزارەتتانەوە پەسندکراون .

٦- بەڕێوەبەرایەتی یەکانی خانەنشین هەڵدەستن بە ئەژمارکردنی جیاوازی مووچەی پێش هەموارکردن و دوای هەموارکردن بۆ ماوەی دوای خانەنشین بوونی و خەرج کردنی بە (١٢) قستی یەکسان .

٧- هەموار کردنی ئاماژە بۆ کراوی خاڵەکانی سەرەوە ئەوانەش دەگرێتەوە کە پێش ساڵی ٢٠٠٤/ دامەزراون لە سنووری ئیدارەی هەولێر و لە بەرواری ٢٠٠٤/٧/١ەوە تاوەکو دەرچوونی ڕێنمایی داراییمان ژمارە (٣٢) لە ٢٠٠٥/٩/١ خانەنشین کراون .

٨- ئەم هەموارکردنە سەرجەم ئەو خانەنشینانە دەگرێتەوە کە لە کاتی خۆی لە سەر ئیدارەی سلێمانی بوون واتە خانەنشینانی قەزای کۆیە و ئەوانەی مووچەی خانەنشینیان گواستراوەتەوە بۆ هەولێر و دهۆک و لە سەر بوودجەی فەرمانگەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سلێمانی خەرج دەکرێت .

٩- جیاوازی مووچەی پێش خانەنشین بوون و دوای خانەنشین بوون کە بەپێی خاڵەکانی سەرەوە ئەژمار کراوە خەرج دەکرێت بۆ پاشماوەکانیان (الخلف) سەبارەت بەو خانەنشین بووانەی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە و کۆچی دواییان کردووە .

١٠- هەموار کردنی مووچەی خانەنشینی تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە پێش خانەنشین بوونیان مووچەکانیان لە سەر یاسای ڕاژەی شارستانی بۆیان بەستراوە و هێزەکانی ئاسایش و ئاسایشی ناوخۆ و پێشمەرگە ناگرێتەوە .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا.

بایز سەعید محەمەد
وەزیری دارایی و ئابووری

**وێنەیەک بۆ /**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ ف .ك .كاروباری دارایی/ بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب.گ.دارایی (من) .. ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەش و نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین لە ڕۆژی ٢٠١٢/٦/٥ / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی ... تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم / هەولێر / دهۆک/ سۆران / ئاکرێ / زاخۆ / کۆیە / بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە .
- گشت بەشەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سووراو .

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردســــتان - عێراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتـــی دارایـــی و ئابـــووری<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری<br>ب / دیراسات و لیکۆڵینەوە و بەدواداچوون | Kurdistan Region – Iraq<br>Presidency Council of Ministers<br>Ministry of Finance & Economy<br>General Directorate of Accounting | اقليم كوردستان - العراق<br>رئاسة مجلس الوزراء<br>وزارة المالية والاقتصاد<br>مديرية المحاسبات العامة<br>م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة |

ژمارە: / / ڕێکەوت / / ٢٧١٢ کوردی ڕێکەوت / / ٢٠١٢

## بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین

## ب/ هەموار کردنی مووچەی خانەنشینان

دوا بە دوای نووسراومان ژمارە /١٥٨٠٩ لە ٢٠١٢/١٢/١٣ سەبارەت بە هەموار کردنی مووچەی ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی لە ٢٠٠٤/١/١ خانەنشین کراون ، بۆ ئاگاداریتان تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە بە مووچەی (٠٠٠ ١٦٣) دینار خانەنشین کراون لە کاتی خۆیدا و مووچەی خانەنشینیان هەموار دەکرێت لە سەر بنەمای مووچەی (٠٠٠ ١٢٠) دینار لە بەرواری خانەنشین بوونیانەوە ، و تەنها جیاوازی مووچەی ماوەی خانەنشینیان بۆ خەرج دەکرێت لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پەیوەندیدار بە دوانزە پشکی یەکسان لە بەرواری ٢٠١٣/١/١ەوە ، و هیچ جیاوازییەکی پێش خانەنشین بوون خەرج ناکرێت ... لەگەڵ ڕێزدا .

بایز سەعید محەمەد
وەزیری دارایی و ئابووری

**وێنەیەك بۆ /**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان / ف ـ ك ـ کارگێری و دارایی /ب ـ کارگێری / بۆئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت .. بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە .. بۆ گشتاندنی ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / ب ـ میلاکات / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم / هەولێر / دهۆك / سلێمانی ١و٢و٣/ئاکرێ / سۆران / زاخۆ / کۆیە / گەرمیان / ڕاپەڕین / چەمچەماڵ /بۆ زانین و کاری پێویست... تکایە.
- خۆیەتی / خەرجییەکان / ژمێریاری .
- بەڕێوەبەرایەتی/ دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: [illegible]
Email: gd_finance@yahoo.com
[illegible] سهام
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: [illegible]

IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT
Kurdistan-Hawler

No: ٦٨٩ / ب
Date: ٢٠١٤/٥/١١

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

ژمارە: ٩
بەروار: ١٤/٥/١ ٢٠

**بەرێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پرۆژە یاسای (بەکار کردنی یاسای خانەنیشینانی یەکگرتووی عیراق ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان )**

بەرێزان ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە داوا دەکەین پرۆژە یاسای (**بەکار کردنی یاسای خانەنیشینانی یەکگرتووی عیراق ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان**) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت‌و پەرلەمان پەسەندی بکات.

**ماددەی یەکەم :**

یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی ٢٠١٤ی عێراق یاسای خانەنیشینانی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی دووەم :**

لە هەر کوێی یاساکەدا ناوی دام و دەزگاو پۆستی حکومی ئیداری و زانستی و ئەکادیمی هاتبێت ئەوا دام و دەزگا پۆستە هاوشێوەکانیان لە هەرێمی کوردستان شوێنیان دەگرنەوە.

**ماددەی سێیەم :**

برگەی (چوارەم) لە ماددەی (٣٥) لە یاساکەدا هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەی لێ دێت :-

بەدەر لە حکومەکانی ماددەی (٢١/دووەم) لەم یاسایە:-

دادوەر و ئەندامانی دواکاری گشتی یان جێگرەوەکانیان لە کاتی خانەنیشینکردندا مووچەیەکی خانە نیشینیان پێ دەدرێت بە رێژەی (٦٠٪) ی کۆی زیاتر نەبێت (١٥٠٪) دوا مووچەو دەرماڵەکەی وەردەگرێت لە ماوەی خزمەتیدا( بە مەرجێك دەرماڵەکانیان زیاتر نەبێت (١٥٠٪) مووچەی وەزیفەیکەی لەم حاڵەتانەی کە لە یاساکەدا هاتووە.

**ماددەی چوارەم : برگەی پێنجەم لە ماددەی (٣٥) لە یاساکەدا هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەی لێ دێت:-**

**بە دەر لە حکومەکانی ماددەی (٢١/دووەم) لەم یاسایە:-**

**١- فەرمانبەرانی خزمەتی زانکۆی یان جێگروەکانیان لە کاتی خانەنیشینکردندا مووچەکەیان پێ دەدرێت بە رێژەی (٦٠٪) کۆی دوا مووچە و دەرماڵە کە وەردەگرت لە ماوەی خزمەتیدا بە مەرجێك کۆی دەرماڵەکان زیاتر نەبێت لە (٢٠٠٪) مووچەی وەزیفەیکەی لەو حاڵەتانەی کە لە یاساکەدا هاتووە.**

IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
Kurdistan-Hawler

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

No:
Date:

ژمارە:
بەروار: ٢٠١٤/١١/٢٠

بۆ بەرێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ پرۆژە بڕیاری (ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگە و کەس و کاری شەهیدان)

بەرێزان ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە داوا دەکەین پرۆژە یاسای (**ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگە و کەس و کاری شەهیدان**) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێتو پەرلەمان پەسەندی بکات.

**یەکەم/** پەرلەمانی کوردستان سوپاس وپێزانینی خۆی ئاراستەی هێزەکانی پێشمەرگە وهێزەکانی زێرەڤانی وناوخۆ وئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەو ڕۆڵەی کە دەبینن لەپێناو دابین کردنی ئاشتی وئارامی وپاراستنی گەل وخاکی کوردستان و عێراق، لە بەرەکانی جەنگی دژە تیرۆر و تیرۆرستان بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی.

**دووەم/** ماوەی ئەم خزمەتەی هێزەکانی پێشمەرگە وزێرەڤانی وناوخۆ وئاسایش کە بەپێی یاساکانی کارپێکراو دیاریکراوە و لە مەیدانی جەنگدا یان لە ناوچەی جموجۆڵی سەربازی یان دژە تیرۆر بەسەر بردبێ کە هێزەکان و کەرتە هاوبەشەکان بە فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزەکانی زێرەڤانی هەرێم یان بە فەرمانی وەزیری کاروباری **پێشمەرگە** دەست نیشان دەکرێن بە **خزمەتی دوو ئەوەندە (مضاعف)** هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی **خانەنشینی.**

**سێیەم/** ئەگەر پێشمەرگە شەهید بوو سەرجەم مافەکانی خانەنشینی و دەرماڵەکانی خێزانی و ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی لە ئەنجامی خزمەت کردنی بۆ وارسی شەرعی دەبێت.

**چوارەم/ شەهیدەکان بە تایبەت** شەهیدانی دەستی تیرۆر و لەو پلەی تیایدا شەهید بوون بە دوو پلە یان زیاتر خانەنیشین **بکرێن و سەرجەم ئەو** ئیمتیازانەی پاش شەهید بوونی واریسەکەی بدرێت.

**پێنجەم/** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و **لایەنە پەیوەندیدارەکان** **پێڕەو ورێنمایی پێویست** **هەریەکە بەپێی تایبەتمەندی خۆی** بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی **حوکمەکانی ئەم بڕیارە دەربکات.**

**شەشەم/ پێویستە** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان **حوکمەکانی ئەم بڕیارە** جێبەجێ بکەن.

**حەوتەم/** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

## بروژه ياساي سه ندوقى مووجه و خانه نشينى حكومى

### به شى يه كه م

### ( بيناسه كان )

***مادده ى يه كه م :*** مه به ست له م زاراوانه ى خواره وه ماناكانى به رامبه ريانه بوو مه به ستى ئه م ياسايه .

يه كه م – هه ريم : هه ريمى كوردستان-عيراق

دووه م - به رله مان : به رله مانى كوردستان-عيراق

سييه م – دامه زراوه : ده سته ى سه ندوقى مووجه و خانه نشينى هه ريمى كوردستان

جوواره م – سه ندوق : سه ندوقى مووجه و خانه نشينى هه ريمى كوردستان

بينجه م – سه روك : سه روكى سه ندوق

شه شه م – جيگر : جيكرى سه روكى سه ندوق

حه فته م – به ريوه به ر : به ريوه به رى كشتى سه ندوق

هه شته م – ره كه ز نامه : ره كه زنامه ى بارى شارستانى و نفوسى عيراقى

نوويه م – فه رمانبه ر : هه ر خاوه ن كاريكى حكومى كه كار ده كات له يه كيك له دام و ده زكا و مؤسسه ساتى ده سهه لاتى جيبه جئ كردن و ياسادانان و دادوه رى و سه روكايه تى هه ريم و فه رمانره وا كانى به سه ريانه وه ، و بوودجه كه يان به ستراوه به بوودجه ى كشتى هه ريمى كوردستانه وه .

ده يه م – المؤمن عليه : هه ر كه سيك ئه حكامي ئه م ياسايه له سه رى جيبه جئ بكريت.

يازده هه م – بريندار بوون له كار (اصابة العمل) : بريندار بوون ،يان زيان بئ كه وتن له ئه نجامى رووداويك له كاتى كار كردن دا ، يان تووشبون به نه خوشى بيشه يى ، هه روه ها كيان له ده ست دان له ئه نجامى ارهاق و وه ستيان به ( اصابة العمل) ده زميردريت به مه رجيك ئه م هوكارانه ى كه ئامازه بيكراون له لايه ن ليزنه ي بزيشكى تايبه ته مه ند و وه زيرى ته ندروستى سه لميندراو بيت .

دووازده يه م – كيان له ده ست دانى سروشتى ( الوفاة الطبيعية ) : كيان له ده ست دانى سروشتى به بريندا بوون له كار ( اصابة العمل ) نا زميردريت .

# پرۆژە یاسای پێداچونەوەو رێکخستنەوەی خانەنشینی مەدەنی و سەربازی

**ماددەی یەکەم:**

**خانەنشین کراوانی مەدەنی هەڵدەوەشێتەوە لەم حاڵەتانەدا :**

1- ئەوانەی خانەنشین کراون بەپلەی وەزیر و لەو پۆستەدا نەبوون.

2- ئەوانەی خانەنشین کراون بەپلەی بریکاری وەزیرو راوێژکار و لەو پۆستانەدا نەبوون.

3- ئەوانەی خانەنشین کراون بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و شارەزاو لەو پۆستانەدا نەبوون.

4- خانەنشینکراون لەپلەی (1 تا10) کەبەمووچەی (300) هەزار دینار تاکو (900) هەزار دینار خانەنشینکراون لەدۆسێکانیاندا تەنها فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانی وەزارەتی دارایی هەیە بۆ دامەزراندنیان و هیچ پێوەرێك نەبووە بۆ پێدانی پلەی وەزیفی پێیان و لەو پلە وەزیفیانەدا دەوامیان نەکردووە.

5- هەر خانەنشینێك بەپلەی بەرزتر لەو پۆستەی تێیدا بووە خانەنشین کراوە خانەنشینیەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو پلە وەزیفییەی کۆتاین جار تێیدا بووە.

6- خانەنشینکراوان بەهەر ناوێکی ترەوە خانەنشین کرابن بەبێ ئەوەی خزمەتی وەزیفی و یان تەمەنی خانەنشینیان هەبێت، خانەنشینکردنیان هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**ماددەی دووەم :**

1- لەپاش دەرچوونی یاسای ژمارە (38)ی ساڵی 2007 ئەوانەی بەو یاسایە خانەنشین نەکراون خانەنشینیەکانیان هەڵدەوەشێنرێتەوە.

2- هەر کەسێك بەهەر پلەیەکی سەربازی خانەنشینکراوەو خزمەتی پێشمەرگایەتی نیە خانەنشینکردنی هەڵدەوەشێنرێتەوە.

3- چەند پەلەیەکی سەربازی بەپلەی فەریق خانەنشین کراون بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێویستە پێداچونەوە بۆ پێوەرەکانی ئەو خانەنشین کردنە بکرێت.

4- هەر زیندانێکی کە بەموچەی (105) هەزار دینار خانەنشین کراون پێویستە پێداچونەوە بەو خانەنشینیەدا بکرێت.

**ماددەی سێ هەم:**

هەر خانەنشینکراوێك لەژیاندا نەمابێت و موچەکەی لەلایەن (پاشەنشین) میراتگرەکانیانەوە وەربگیرێت ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.